# ڕێکخستنی
# دەستپێشخەری یاسادانان
# لە هەرێمی کوردستان

هیوا حامد

٢٠٢١

| | |
|---|---|
| **بەشی یەکەم: دەستپێشخەری یاسادانان (المبادرة التشريعية)** | ٨ |
| یەکەم: گرنگی و پێناسەی دەستپێشخەری یاسادانان | ٨ |
| دووەم : چوارچێوەی دەستوری و یاسایی رێکخستنی دەستپێشخەری یاسادانان | ١٢ |
| سێیەم: قۆناغەکانی هاتنە بوونی دەستپێشخەری یاسادانان | ١٦ |
| چوارەم: ئەو کەس و لایەنانەی تایبەتمەندی پیادەکردنی دەستپێشخەری یاسادانانیان هەیە | ٢٠ |
| پێنجەم : شێوازەکانی پیادەکردنی تایبەتمەندی دەستپێشخەری یاسادانان | ٢٦ |
| | |
| **بەشی دووەم : رێکخستنی دەستپێشخەری یاسادانان لە هەرێمی کوردستان** | ٣٤ |
| یەکەم: ئەو کەس و لایەنانەی لە هەرێمی کوردستان تایبەتمەندی دەستپێشخەری یاسادانانیان هەیە. | ٣٤ |
| دووەم: جۆرەکانی دەستپێشخەری یاسادانان لە هەرێمی کوردستان | ٤١ |
| | |
| **بەشی سێیەم: لێکچوون و جیاوازیەکانی شێوازەکانی دەستپێشخەری یاسادانان لە هەرێمی کوردستان** | ٤٥ |
| یەکەم : یاسا و بڕیارە یاسا (القانون والقرار التشريعي) | ٤٥ |
| دووەم: پرۆژەی یاسا و پێشنیازی یاسا (مشروع القانون ومقترح القانون) | ٦٠ |
| **پوختەی دەرەنجام و راسپاردە** | ٧٧ |
| **سەرچاوەکان** | ٩٠ |

**پێشەکی**

ڕێکخســـتنی دەستپێشـــخەری یاســـادانان(المبــادرة التشــريعية) یەکێکە لە بابەتە گرنگ و هەستیارەکانی پرۆسـەی یاسـاکاری ،چـونکە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە هاوسەنگی و هاوبەشـی هەردوو دەسـەڵاتی یاســـادانان و جێبەجێکـــردن لە بـــواری پیـــادەکردنی بەشـــێك لە تایبەتمەندی یاسادانان (الاختصاص التشريعي) ، هەربـۆیە ئەم بـابەتە لە زۆربەی وڵاتـان لە دەسـتوردا ڕێکخراوە،چـونکە دەسـتور شـوێنی ڕێکخسـتنی تایبەمەنـدی و پەیوەنـدی نێـوان دەسـەڵاتەکانە ، بەڕای ئـێمەش شـوێنی ڕاسـتەقینەی ڕێکخسـتنی ئەو بـابەتە دەسـتورە، نەك یاســای ئاســایی ، تەنــانەت ئەگەر یاســایی ئاســایی ڕێکیخســتبێت پێویســتە ئەو ڕێکخســتنەی لە ژێــر ســایەی دەقــی بــڕگەو مــاددە دەستوریەکان بێت ، ئەمەش لە پێناو پارێزگاری کردن لە سـەقامگیری پەیوەندی نێوان دەسەڵاتەکان و پاراستنی سنوری تایبەتمەندیەکانیان ، هەرێمی کوردستان بە هۆی ئەوەی خـاوەنی دەسـتور نـیە لە مـاوەی چەنـد سـاڵی ڕابـردووی مێـژووی یاسـادانانیدا ، چەنـدین گۆڕانکـاری بەسەر ڕێکخستنی تایبەتمەنـدی دەستپێشـخەری یاسادانانیدا هـاتوە ،هەوڵـدەدەین لەبەشـەکانی ئەم تـوێژینەوەیەدا ئاماژەیـان پێـبکەین، یەکێك لەو گۆڕانکاریە دیارو بەرچاوانە ، پەیـرەوی نـاوخۆی بەرکـاری پەرلەمانی کوردستانی ساڵی ٢٠١٨ لەگەڵ خۆیـدا هێنـایە ئـارا، ئەوەبـو بەشـێوەیەکی جیـاواز لە پێشـوو، دەستپیشـخەری یاسـادانانی لە هەرێمی کوردستان دابەشکرد بۆ دوو جۆری جیاواز ، (پرۆژە یاسـا) و (پێشنیازی یاسا). ئەڵبەتە لەپاڵ ئەوانـیش (پـرۆژەی بریـارە یاسـا) و (

پێشـــنیازی بریـــارە یاســا)ش بــوونی هەیە . ئەم جیاکــاریەی نێــوان (پرۆژە) و(پێشنیاز) لە نێـو کـاری پەرلەمانیـدا لە هەرێمـی کوردسـتان شێوازێکی تازەبوو و لە پەیرەوی ناوخۆی پێشودا بونی نەبـو، واتـا بە درێژایی (٢٦) ساڵ، لە ساڵی (١٩٩٢) تاوەکو سـاڵی (٢٠١٨) ، یاسـادانەرو هەمـوو ئەوانەی یاسـادانانیان بەلاوە گرنـگ بـوە تەنهـا ئاشـنای یەك شـێواز لە دەستپێشـخەری یاسـادانان بـوون، ئەویـش (پـرۆژە یاسـا)و (پرۆژەی بریارە یاسا) بوە ، شتێك نەبـو بەنـاوی (پێشـنێیازی یاسـا) و (پێشنیازی بریارە یاسا) ، بێگومان یاسادانەری هەرێمی کوردستان لەم هەنگاوەیـدا شـوێن پێـی یاسـادانەری عێراقـی هەڵگـرت بە تۆزێـك جیاوازیەوە ئەویش لەو روەوە کە لە عێراق تەنها پرۆژەو پێشـنیازی (یاسا) بونی هەیەو پرۆژەو پێشنیازی (بریارە یاسا) نـیە، یاسـادانەری عێراقـی لە دوای دەرچـونی دەسـتوری هەمیشـەیی عیراقـی سـاڵی (٢٠٠٥)ەوە ئەم شـــێوازەی پەیـــرەو کـــردوە هەروەك لە مـــادە (٦٠) برگەکـانی یەکەم و دووەم ئامـاژەی بـۆ کـردون. ئەم گۆرانکـاریەش لە دوبـــارە رێکخســـتنەوەی دەستپێشـــخەری یاســـادانان لەهەرێمـــی کوردســـتان، ئـــاڵۆزی لە تێگەیشـــتن و بەکارهێنـــانی چەمـــك و دەستەواژەکانی لێکەوتەوە لە ناوەندە میدیایی و یاسـایی و تەنـانەت لە نێـو خـودی ئەنـدامانی پەرلەمانیشـدا ،سـەرباری ئەوەش پرسـیاری زۆری دروستکرد ئاخۆ لێکەوتەکانی ئەو دابەشکردنە لەسەر سروشتی یاسـایی هەریەك لەو دوو جـۆرە دەستپێشـخەریەی یاسـادانان چـی دەبێـــت، بـــۆیە بە پێویســـتمان زانـــی لە میـــانی تـــوێژینەوەیەکی شـیکاریانەدا چـۆنیەتی رێکخسـتنی تایبەتمەنـدی دەستپێشـخەری

یاسادانان لە هەرێمی کوردستاندا تاوتوێبکەین، بەو ئومێدەی سودێك بگەیەنین بەو کەسانەی پەیوەندیدارن و گرینگی بەو بواردەدەن. بۆ ئەم مەبەستەش توێژینەوەکەمان دابەش دەکەین بۆ سێ بەش ، لە بەشی یەکەمدا تیشك دەخەینە سەر چوارچێوەی یاسایی دەسەستپێشخەری یاسادانان و گرینگی و پێناسەکەی لەگەڵ جۆرو شێوازەکانی پیادەکردن و لایەنەکانی تایبەتمەند بە پەیڕەو کردنی، لە بەشی دووەمدا ئاماژە بە چۆنیەتی ڕێکخستنی دەستپێشخەری یاسادانان دەکەین لە هەرێمی کوردستان، لە میانەی خستنەروی چوارچێوەی ڕێکخستن و جۆر و شێوازەکانی و دیاریکردنی ئەو کەس و لایەنانەی پیادەی دەکەن، بەشی سێیەم تەرخان دەکەین بۆ خستنە روی خاڵەکانی لێکچون و لێکجیاوازبوونی هەریەك لەو جۆرانەی کە لە هەرێمی کوردستاندا پیادە دەکرێن، بەتایبەتی خاڵەکانی لێکچون و لێکجیاوازبوونی نێوان هەریەکە لە (یاسا) و (بڕیارە یاسا) هەروەها لە نێوان ( پرۆژە) و(پێشنیازە) یاسا و بڕیار ، لە کۆتایشدا پوختەی دەرەنجام و راسپاردەکان دەخەینە روو. بە ئومێدی ئەوەی لە رێگەی نوسینی ئەم توێژینەوە متەوازیعانەیەوە کەلێنێکی پەرتوکخانەی یاسایی کوردی پڕ بکەینەوەو سودێك بە خوێنەرانی بواری یاسا و پرۆسەی یاسادانان و کاری پەرلەمانی بگەیەنین.

## بەشی یەکەم

## دەستپێشخەری یاسادانان (المبادرة التشريعية)

لەم بەشەدا جگە لە ئاماژەکردن بە چوارچێوەی ڕێکخستن و پێناسە کردنی دەستپێشخەریی یاسادانان و نیشاندانی گرینگیەکەی ، تیشك دەخەینە سەر قۆناغەکانی هاتنەبون و ئەو لایەنانەی کە تایبەتمەندی و دەسەڵاتی دەستپێشخەری یاسادانانیان پێدراوە بە پێی یاسا بەرکارەکان لە هەرێمی کوردستاندا ، لە دوا تەوەریشدا تیشك دەخەینە سەر جۆر و شێوازەکانی.

### یەکەم :گرنگی و پێناسەی دەستپێشخەری یاسادانان

#### ١- مێژووی سەرهەڵدانی

شـارەزایانی بـواری یاسا پێیـان وایە سـەرەتای سـەرهەڵدانی دەستپێشـخەری یاسـادانان ، هاوشـێوەی ژیـانی پەرلەمـانی ، لە بەریتانیـا و بە دیـاریکراوی لەسـەددەی پـانزەهەم ، لە سـەردەمی فەرمانڕەوایی پادشا (هنری شەشەم)سـەری هەڵـداوە ،ڕەگ و ریشـەی سەرهەڵدانیشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ساتە مێـژوییەی کە ئەنجـومەنی گشـتی تـوانی لە بەرامـبەر ڕەزامەنـدی دەربـڕین لە سـەر داواکـاری سـەپاندن و زیـاکردنی بـاج کە لەلایەن (پادشـا هنـری)ەوە ئاراسـتەی دەکران، ئەویش لەلای خۆییەوە چەند داواکرایەکی نوسراوی پێشنیار دەکـرد بـۆ پادشـا تـا ڕەزامەنـدیان لەسـەر بـدات و وەك یاسا دەریـان

بچوێنێت، به تێپەربونی کات ئەم شێوازی پیادەکردنە سەرەتاییەی دەستپێشخەری یاسادانان پێشکەوتنی بە خۆیەوە بینی تا لە کۆتاییدا توانرا وەك تایبەتمەندیەکی دەستوری لە چوارچێوەی پرۆسەی یاساداناندا رێك بخرێت [1].

## ٢- گرنگی دەستپێشخەری یاسادانان

یەکێك لە تایبەتمەندیە سەرکیەکانی هەر پەرلەمانێك لە وڵاتانی دونیا بریتیە لە یاسادانان ، یەکلابونەوەی ئەوەی پەرلەمان لایەنی تایبەتمەندی یاسادانان بێت بە درێژایی میژوو، خەبات و ململانێی زۆری لە پێناودا کراوە،چونکە هەریەکە لە دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن خۆی بە لەپێشتر زانیوە بۆ پیادەکردنی ، دوای چەندین هەوراز و نشێو دواجار بەو فۆرم و شێوازە گەیشتوە کە ئەمرۆ هەیە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە کە پەرلەمان بە تەنها کۆی پرۆسەی یاسادانان پیادە دەکات، بەڵکو دەسەڵاتی جێبەجێکردنیش بە شێواز و میکانیزمی جۆراوجۆر، هاوبەشی دەکات لە پیادەکردنی ئەو تایبەتمەندیە ، دەستپێشخەری یاسادانان یەکێکە لەو میکانیزمانەی کەدەستەبەری بەشداری دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەکات لە پرۆسەی یاسادانان، بە هاوبەشی پیادەکردنی ئەو تایبەتمەندیە لە لایەن هەردوو دەسەڵاتی جێبەجێکردن و یاسادانانەوە ،تا رادەیەکی زۆر

---

١ د.عبدالقادر محمد القيسي ، الاحكام الدستورية المنظمة لاقتراح القوانين،مصر، القاهرة،المركز القومي للاصدارات القانونية،ط١، ٢٠١٦ ،ص٢١.

هاوسەنگی و هەماهەنگی بەرهەم هێناوە لە نێوانیانداو سنورێکی بۆ ئەو ململانێیە مێژووییە داناوە کە لە نێوانیاندا هەبوە بۆ فراوانکردنی تایبەتمەندی و دەسەڵاتەکانیان لەسەر حسابی ئەوی دیکەیان، بۆیە دەتوانین بڵێین دەستپێشخەری یاسادانان بەهۆی ئەو گرنگی و رۆڵە کاریگەرەی دەیگێرێت لە پرۆسەی یاسادانان، بۆتە جێگە بایەخی یاسادانەران لە زۆربەی وڵاتان و ، هەریەکەو بە پێی سیستمی سیاسی وڵاتەکەو واقیعی هاوسەنگی هێزی نێوان دەسەڵاتەکان،هەوڵیداوە لە چوارچێوەی دەستور یاخود یاسا سروشت دەستوریەکان رێکی بخات. یەکەم هەنگاوی پرۆسەی یاسادانان بە دەستپێشخەری یاسادانان دەست پێ دەکات ، بۆیە دەکرێت بڵێین یەکێکە لە قۆناغە گرنگەکانی پرۆسەکەو بەبێ ئەو ئەستەمە یاسا لە دایك ببێت، هەر ئەوەشە پاڵی بە فەقیهی یاسایی رۆبیە کۆلارەوە ناوە تا بڵێت ئەوەی دەستپێشخەری یاسادانانی لە دەست بێت وەك ئەوە وایە فەرمانڕەوایی دەوڵەتی لەدەست بێت[1].

٣- پێناسەی دەستپێشخەری یاسادانان

شارەزایانی بواری یاسا هەوڵیانداوە لە گۆشە نیگای جۆراو جۆرەوە پێناسەی بۆ دەستپێشخەری یاسادانان کردوە،هەندێك لە وەك قۆناغێك لە قۆناغەکانی یاسادانان پێناسەیان کردوە ، وەك

١ د . محمد عباس محسن، اقتراح القوانين بين المبادرة التشريعية البلالمانية والمبادرة الحكومية ، مجلة الاكاديمية للدراسات الاجتماعية والانسانية ،عدد ١١،سنة ٢٠١٤،ص٦٩.

ئەوەی (د.حبیــــب ابــــراهیم) کە جەختــــی لەوە کــــردۆتەوە دەستپێشـخەری یاسـادانان بـریتیە لە قۆنـاغی یەکەمـی یاسـادانان، هەنـدێکی دیـکە ،وەك پیـادە کردنـی دەسـەڵات و تایبەتمەنـدیەکی یاســادانان پێناســەیانکردوە ، وەك ئەوەی (د.عبــدالباقی البکــری) کردویەتــی کاتێــك جەختــی لەوە کــردۆتەوە کە دەستپێشــخەری یاسادانان مەبەست لێی، خستنە رووی پرۆژە یاسایەکە بۆ دەسـەڵاتی تایبەتمەند بە یاسادانان، لە پێناو گرتنەبەری رێوشـوێنەکانی پرۆسـەی یاسادانان و دەرچواندنی لە شێوەی یاسادا [1]. بەڵام ئەوەی ئێمە بە پەسـندمان زانیـوە لێـرەدا ئامـاژەی پـێ بکەیـن و پێشـمان وایە تـا رادەیەك پێناسـەیەکی ورد و زانسـتی بێـت ، بـریتیە لە پێناسـەکەی مۆریس دۆڤیرجیە ، کە بەم شێوە پێناسـەی کـردوە ، بـریتیە لە مـافی خستنە بەردەست و پێشکەشکردنی دەقێکی تایبەتە بە یاسـا ،بـودجە یـان بڕیارێـك بـۆ بەردەمـی پەرلەمـان، بەمەبەسـتی گفتوگـۆکردن و دەنگدان لەسەری[2].

لە میـــانەی ئەو پێناســـەیەوە دەگەیـــنە ئەو ئەنجـــامەی کە دەستپێشـخەری یاسـادانان، پیـادەکردنی تایبەتمەنـدیەکە ، دەسـتور،

---

١ د.عبـدالقادر محمـد القیسـي ، الاحکـام الدسـتوریة المنظمـة لاقتـراح القوانین،مصـر، القاهرة،المرکز القومي للاصدارات القانونیة،ط١، ٢٠١٦،ص١٢،١١ .

٢ موریس دوفرجیـة، المؤسسـات السیاسـیة والقـانون الدسـتوري، ترجمـة: د.جـورج سـعید، الشبکة العربیة للابحاث والنشر، ط٢، سنة ٢٠١٤، ص١١٤.

یاسا یان پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ڕێکیخستوە ،بە دوو پێوەر لە هەر پێشنیارێکی دیکەی ئاسایی جیا دەکرێتەوە ئەوانیش

١- پێوەری کەسی : بەپێی ئەو پێوەرە دەبێت پەیڕەو کردنی ئەو تایبەتمەندیە تەنها لەلایەن کەس و لایەنانێکەوە دەبێت کە یاسا ڕێگەی پێدابن بە پەیڕەو کردنی.
٢- پێوەری بابەتی : دەبێت دەستپێشخەری یاسایی بابەت گەلێك لە خۆ بگرێت ، کە شیاوی ئەوە بێت ببێتە یاسا ، واتا بابەتەکە لەچوارچێوەی بواری ڕێکخستنی یاسادا بێت ، بۆیە لێرەشەوە لە هەر بابەتێکی دیکەوە جیاواز دەبێت کە ناشێت لە چوارچێوەی یاسادا ڕێك بخرێت [١].

### دووەم: چوارچێوەی دەستوری و یاسایی ڕێکخستنی دەستپێشخەری یاسادانان

هەر وڵاتێك  بە پێی گونجانی لە گەڵ تایبەتمەندیەتی سیستمی سیاسی و یاسایی خۆی ، بابەتی دەستپێشخەری یاسادانانی ڕێکخستوە ، بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە کە خاڵی هاوبەش لە چۆنیەتی ڕێکخستنیدا لە نێوان وڵاتاندا بونی نیە، بۆیە دەتوانین بڵێین بەشێوەیەکی گشتی، دەستپێسخەری یاسادانان لەم چوارچێوە دەستوری یاساییانەدا ڕێکخراوە:

---

١ رحماني لبنة خير ، المبادرة بالقوانين بين البرلمان والحكومة في الجزائر وفقا للتعديل الدستوري ٢٠١٦، مذكرة لنيل شهادة الماستر ، سنة ٢٠١٧ ، ص ١.

## ١- ڕێکخستنی له دەستوردا :

زۆرێك لەو وڵاتانەی خاوەنی دەستورێکی نوسراون ، بابەتی ڕێکخستنی دەستپێشخەری یاسادانانیان له دەستوردا جێگیر کردوە ، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی دەستوریانەی بابەتەکه لەلایەك و پەیوەندیدار بونی به ڕێکخستنی سنوری دەسەڵاته جیاوازەکانەوە لەلایەکی دیکە، لەو پێناوەشدا یاسا دانەری دەستوری بۆ ڕێگرتن لەوەی پیادەکردنی ئەو تایبەتمەندیه، ناکۆکی و ململانێ له نێوان دەسەڵاتەکان دروست نەکات و نەبێته خاڵی ناسەقامگیری پەیوەندیەکانیان، جۆر و شێوازەکانی و چۆنیەتی پیادەکردن و ئەو لایەنانەی مافی پیادەکردنی دەستپێشخەری یاسادانانیان هەیە له دەستوردا ڕێکیخستون. بۆنمونه یاسادانەری دەستوری له فەرەنسا ئەو بابەتەی له چوارچێوەی دەستوری فەرەنسی ساڵی ١٩٥٨ی هەموارکراو جێگیرکردوە [١].

١ دەستوری فەرەنسی ساڵی ١٩٥٨ی هەموارکراو، له ماددەی(٣٩)یدا هاتوە: (من حق كل من رئيس الوزراء وأعضاء البرلمان المبادرة بالتشريع .تكون مناقشة مشروعات القوانين الحكومية في مجلس الوزراء بعد التشاور مع مجلس الدولة ويتم عرضها في واحدٍ أو آخر من مجلسي البرلمان. سوف تُطرح مشروعات قوانين المالية وتلك المتعلقة بتمويل الضمان الاجتماعي للمرة الأولى أمام الجمعية الوطنية. دون المساس بالفقرة الأولى من المادة ٤٤ ،فإن مشروعات القوانين التي تعالج بشكل أساسي آلية تنظيم المجتمعات المحلية يجب أن تعرض للمرة الأولى في مجلس الشيوخ.، تشريعات الموازنة ، مجالات مخصصة للمجلس التشريعي الأول ، مجالات مخصصة للمجلس التشريعي الثاني يخضع عرض مشروعات قوانين الحكومة أمام الجمعية الوطنية أو مجلس الشيوخ

٢- رێکخستنی لە یاسای ئاسایی :

ئەو وڵاتانەی کە خاوەنی دەستوری نوسراو نین، یان هەندێك لە وڵاتـــان بەپێـــی پێویســـت ئەو بابەتەیـــان لـــة دةســـتوردا رێکنەخستووە پانتاییەك ماوەتەوە بۆ یاسادانەری ئاسایی تا لە چوارچێـوەی یاسـای ئاسـاییدا و بە شـێوەیەکی بنەڕەتـی ئەو بـابەتە رێکبخـات، یـان دوبـارە رێکیبخـاتەوە لە سـایەی هـێڵە گشـتیەکانی دەسـتوردا. بە نمـونە هەرێمـی کوردسـتان بەهـۆی ئەوەی خـاوەنی دەسـتورێکی نوسـراوی تـایبەت بە خـۆی نـیە ، بەشێك لەو تایبەتمەندیەی لە چەند یاسایەکی ئاسـایی سروشـت دەستوریدا رێکخستوە ، یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمـارە (١)ی سـاڵی ٢٠٠٥ ی هەمـوارکراو، یاسـای ئەنجـومەنی وەزیرانی ژمارە(٣)ی ساڵی ١٩٩٢ ی هەموارکراو، یاسای دەستەی دەستپاکی ژمارە(٣) ساڵی ٢٠١١ ی هەمـوارکراو، هەروەها یاسـای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنی ژمارە(٤)ی سـاڵی ٢٠١٤،

---

للشروط التي يحددها قانون أساسي .لا يتم تضمين مشروعات قـوانين الحكومـة فـي جدول الأعمال إذا ما أعلن مؤتمر رؤساء مجلس البرلمان الأول الذي تمت إحالة مشروع القانون إليه أنه لم يتم الامتثال للقواعد التـي يحـددها قـانون أساسـي. فـي حالـة عـدم الاتفاق بين مؤتمر الرؤساء والحكومة، يجوز لرئيس مجلس البرلمـان المعنـي أو لـرئيس الوزراء إحالة المسألة إلى المجلس الدستوري الذي سوف يبت فيها فـي غضـون ثمانيـة أيام .يجوز لرئيس أحد المجلسين، وفقا للشروط المنصوص عليها في القانون، أن يقـدم مشروع قانون خاص مقدم من عضو على مجلس الدولة يعرضه عضو من أحد مجلسي البرلمان وذلك لإبداء الرأي فيه قبل النظر فيه في اللجنة، ما لم يعترض هذا العضو على ذلك.)

نمـونەی ئەو کـۆمەڵە یاسـایانەن کە بە شـێك لە تایبەتمەنـدی دەستپێشـــخەری یاســـادانانیان لە هەرێمـــی کوردســـتان بە شـێوەیەکی بنەرەتـی رێکخسـتوە .یاسـا دانەری عیـراقیش هەوڵیداوە لەسایەی دەستوری هەمیشەی ساڵی٢٠٠٥ ، سەرلەنوێ لە یاسای ئەنجومەنی نوێنەران و پێکهاتەکانی ژمارە(١٣)ی ساڵی ٢٠١٨ دوبـارە بەشـێك لە بـابەتی دەستپێشـخەری یاسـادانان رێکبخـاتەوە پشـت بەسـتن بەو تێگەیشـتنەی هەیبـوە بـۆ دەقە دەسـتوریەکان، هەرچەنـدە دواتـر دادگـای فیـدراڵی بە پاسـاوی نەبـــونی پشـــتیوانی دەســـتوری ،بەشـــێك لەو دوبـــارە رێکخستنەوەیەی هەڵوەشاندەوە، دواتر لە بەشەکانی دیکەی ئەو توێژینەوەی بەوردی ئاماژەی پێدەکەین.

## ٣- رێکخستنی لە پەیڕوی ناوخۆی پەرلەمان

هەندێك لە یاسادانەری وڵاتان بە شێوەیەکی بنەرەتـی و فـراوان تایبەتمەنـدی دەستپێشـخەری یاسـادانانی لە چوارچێـوەی پەیـڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا رێکخستوە ، ئەوەش بە هۆی ئەوەی لە دەستور و یاسا ئاساییەکاندا رێـك نەخـراوان، یـاخود دەسـتور ئەو دەسـەڵاتەی پێداون . نمونەی رێکخسـتنی پەیـڕەوی نـاوخۆی ئەنجـومەنی گشـتی بەریتانیا و پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان دوو یاسـادانەرن، کە لەبەر نەبـونی دەسـتور و تەنـانەت رێکنەخسـتنی ئەو بـابەتە لە یاسـایەکی ئاسـاییدا بەشـێوەیەکی ریشـەیی، پەنایـان بـردۆتە بەر

ڕێکخســتنی دەستپێشــخەری یاســادانان لە نێــو پەیــڕەوی نــاوخۆی پەرلەمانەکانیاندا، هەرچی پەرلەمانی تورکیاشە ئەوە لە نێو دەستوری ساڵی ١٩٨٢ ی هەمووارکراودا ، ماددەی (٨٨) بە ڕونی ئاماژەی بـۆ ئەوە کـردوە کە وردەکـاری تـایبەت بە دەستپێشــخەری یاســادانان لە نێــو پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتیمانی ڕێکدەخرێت.

## سێیەم : قۆناغەکانی هاتنەبوونی دەستپێشخەری یاسادانان

هەروەك لە پێناســــــەکەیدا بۆمـــــــان دەردەکەوێـــــــت کە دەستپێشــخەری یاســادانان بــونێکی یاســاییە (کــائن قــانونی) بــۆیە کۆمەڵێك قۆناغ بەیەکەوە ڕۆڵ دەبینن لە هاتنە بوونی بەمشێوەیە:

١- قۆناغی پاڵنەر و درك پێکردن :

لەو قۆناغەدا درك کردن بە بابەتێك کە پێویستـی بە ڕێکخسـتنی یاسایی هەیە ، یان بابەتێـك کە بە یاسا ڕێکخـراوە بەڵام بەهـۆی پێشــکەوتنەکانی ژیــانەوە پێویســتی بە گــۆڕین هەیەو دەبێــت ســـەرلەبەری جـــارێکی دیـــکە ڕێکبخـــرێتەوە لە ســـایەی ئەو پیشکەوتنانەی بەدیهاتون و ئەو واقیعەی کەهاتۆتە کایەوە، یـان درك کــردنە بەوەی بــابەتێکی ریکخــراو بە یاســا بەشــێکی یــان هەندێك لایەنی پێویستی بە دوبارە ڕێکخستنەوە هەیە، ئەویش بەهۆی ئەوەی لە کاتی ڕێکخستنیدا لە جاری یەکەمدا نەتوانراوە پێشــبینی هەنــدێك لە کەم و کوریەکــانی بکرێــت تــا ئەو کــاتەی

خراوەتە بواری جێبەجێکردنەوە،ئەمانە بەشێکن لەو پاڵنەرانەی کە سـەرەتا و قۆنـاغی یەکەمـی هەر دەستپێشـخەریەکی یاسـادانان پێکـدەهێنن ، رەنـگە ئەو قۆنـاغە لەلایەن ئەو کەس و لایەنەوە پیـادە بکرێـت کە تایبەتمەنـدی دەستپێشـخەری یاسـادانانی بە یاسـا پێـدراوە ، رەنـگەش لەلایەن خەڵکـانێکی دیـکەوە بێـت ، واتـا یاسـا بە مەرجـی نەگرتـوە کـێ بە یەکەم قۆنـاغی دەستپێشـخەری یاسـادانان هەڵدەسـتێت، بـۆ نمـونە لە هەرێمـی کوردسـتان ئەنجـومەنی وەزیـران تایبەتمەنـدی پیـادە کردنی دەستپێشـخەری یاسـادانانی هەیە بەڵام مەرج نـیە خـۆی درك بە هەریەك لەو پـاڵنەرانە بکـات کە دەبـنە سـەرەتای هـاتنە بونی ، بەڵکو زۆربەی جار لە رێگەی وەزارەتەکانەوە لەو پاڵنەرانە ئاگادار دەکرێتەوە.

## ٢- قۆناغی گەڵاڵەکردنی بیرۆکە:

لەو قۆنـاغەدا لە بەرەنجـامی گفتوگـۆی کەسـانی پسـپۆر و پەیوەندیـدار تەواوی رەهەنـدەکانی ئەو بـابەتە دەستنیشـان دەکرێت کە پێویستی بە رێکخستن یـان دوبـارە رێکخستنەوەی یاسـایی هەیە ، لە رێـگەی دەستنیشـانکردنی هۆکارەکـانی پێویست بونی رێکخستنی ئەو بابەتە و چۆنیەتی رێکخستنی لە چوارچێـوەی یاسـایەکدا ، بەمەش بیرۆکەیەکـی تەواو لە روی زیهنـیەوە گەڵاڵە دەبێـت، بـۆ چـۆنیەتی رێکخسـتن و هۆکـارە

پێویستەکانی پشتی ڕێکخستنیەوە، لەم قۆناغەشدا لە ڕوی یاساییەوە بەمەرج نەگیراوە کە کێن ئەو کەس و لایەنە پسپۆڕ و تایبەتمەندانەی دەبێت بەشداری بکەن لە گەڵاڵەکردنی بیرۆکەکەدا.

## ٣- قۆناغی دارشتنی ڕەشنوس :

لەم قۆناغەدا بیرۆکەی گەڵاڵە کراو بە پشت بەستن بە بنەماو رێساکانی دارشتنی یاساکانی پەیڕەو کراو لە هەر وڵاتێك ، لە چوارچێوەی ڕەشنوسێك(درافت) دادەرێژرێتەوە ، لەو قۆناغەدا یاسادانەران بەشێوەیەکی گشتی ئاماژەیان بۆ ئەوە کردوە کە لایەنی تایبەتمەند بە دارشتنی یاسایی ئەنجومەنی شورا یان ئەنجومەنی گەلە ، پێویستە بیرۆکەکە لە چوارچێوەی ڕەشنوسەکەدا دابرێژنەوە یان تێروانین و پێداچونەوە بکەن بۆ ئەو دارشتنەی لایەنی ئامادەکاری ڕەشنوسەکە ئەنجامی داوە .وەك ئەوەی لە یاسایئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستان ژمارە(١٤)ی ساڵی ٢٠٠٨ دا هاتوە.

## ٤- قۆناغی پەسندکردن و کۆکردنەوەی واژوو:

ئەم قۆناغە تەنها تایبەتە بەو جۆرە دەستپێشخەریانەی یاسادانان کە تایبەتمەندی پیادەکردنیان هی کەسێك نیە بەڵکو هی لایەن و دامەزراوەیەك یان چەند کەسێکە بە هاوبەشی، بە

نمـونه له هەرێمـی کوردسـتان ئەو دەستپێشـخەریانەی لەلایەن سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانەوە ئاراستەی پەرلەمـان دەکـرێن ، بەبـێ پەسـندکردنی له ئەنجـومەنی وەزیـران ، مەرجه رواڵەتـیه یاساییەکانی دەستپێشخەری یاسـادانانی تێـدا نـایەتەدی ، تەنها ئەوکـــاتە نەبێـــت کە دەستپێشـــخەری یاســـادانان لەلایەن ئەنجـــومەنی وەزیـــرانەوە پەســـند بکرێـــت، یـــان ئەو دەستپێشـخەریانەی لەلایەنـد ئەنـدامانی پەرلەمـانەوە پیـادە دەکـرێن ، مەرجه بەر له پێشـنیارکردنیان بـۆ پەرلەمـان واژووی ژمـارەی یاسـایی ئەنـدامانی لەسـەر بێـت کە(١٠) دە ئەنـدامە بەلایەنی کەمەوە.بەڵام هەرچی پەیوەنـدی بەو دەستپێشـخەری یاسـادانانەوە هەیە کەلەلایەن کەسـەکانەوە پیـادە دەکـرێن ئەوا بەدەرن لەو قۆنـاغە، بە نمـونە سـەرۆکی هەرێـم له کـاتی پیادەکردنی تایبەتمەندی دەستپێشخەری یاسادانان ، پێویسـیتی بە ڕەزامەندی و پەسـندکردنی هـیچ کەس و لایەنێـك نـیە بەر لە پێشنیار کردنی دەستپێشخەریەکە بۆ پەرلەمان.

### ٥- قۆناغی پێشنیار کردن:

بە پێشنیارکردن و خستنە رووی بـۆ پەرلەمـان ، دەستپێشـخەری یاسادانان تەواوی قۆناغەکانی کۆتـایی پـێ دێـت و بە فەرمـی و لەروی یاساییەوە بە دەستپێشخەری یاسادانان هەژمار دەکرێت، لەو قۆناغەدا تەواوی یاسادانەران له وڵاتانی جیهان کۆکن لەسەر

ئەوەی تەنها ئەو کەس و لایەنـانەی رێگەیـان پێـدراوە بە یاسـا ، پیادەی ئەو هەنگاوو تایبەتمەندیە دەکەن.

## چـــــوارەم: ئەو کەس و لایەنــــانەی تایبەتمەنــــدی پیــــادەکردنی دەستپێشخەری یاسادانانیان هەیە

ئەگەرچی یاسادانان یەکێکە لە تایبەتمەندیەکانی پەرلەمان بەڵام ئەوە بەو مانایە نایەت کە کەس و لایەنانی دیـکە هـیچ رۆڵێکیـان لەو پرۆســــەیەدا نەبێـــت، بەپــــێچەوانەوە لە زۆربەی قۆناغەکانــــدا بە شـێوازێك لە شـێوازەکاندا هاوبەشـن لەگەڵیـدا،یەکیك لەو قۆناغـانە دەستپێشـخەری یاسـادانانە ، بێگومـان جـۆری سیسـتەمی سیاسـیش کــــاریگەری راســـتەوخۆو گرنگــــی هەیە لەســــەر پێــــدانی مــــافی دەستپێشخەری یاسـادانان بە کەس و لایەنەکـان، لەو سـۆنگەیەوەش دتوانین ئاماژە بۆ پێنج جۆر دابەشکردن بکەین:

### ١. پیــادەکردنی دەستپێشــخەری یاســادانان لە لایەن دەســەڵاتی یسادانان بە تەنها

ئەم شـێوازە زیـاتر لەو وڵاتـانەدا پیـادە دەکرێـت کە سیسـتمی سەرۆکایەتی پەیڕەو دەکەن بەنمـونە ویـلایەتە یکگرتوەکـان ئەمریکـا کە لە مادەی١ برگەی حەوتەمـی دەسـتوری سـاڵی ١٧٨٧ هەمـوارکراودا جەخــــت لەوە دەکــــاتەوە کە پرۆســــەی یاســــاکاری لە ئەنجــــومەنی نــــوێنەرانەوە دەســــتپێدەکات بەمەش ئەو مــــافە کورتــــدەکاتەوە لە دەستی دەسەڵاتی یاسادانان و سەرجەم کەس  لایەنەکانی دیکەی لێ

بێبەش دەکات.بە هەمان شێوە یاسا دانەری تورکی مافی پیـادەکردنی تاســیبەتمەندی دەستپێشــخەری یاسـادانانی بە تەنهـا بەخشـیوە ئەنجـومەنی نیشـتیمانی کاتێـك لە دەسـتوری ١٩٨٢ ی هەمـوار کـراو ماددەی(٨٨) ئامـاژەی بـۆ ئەوە کـردوە نـوێنەران بۆیـان هەیە پـرۆژەی یاسا پێشنیار بکەن (١).

## ٢. پیــادەکردنی دەستپێشــخەری یاســادانان لەلایەن دەســەڵاتی جێبەجیکردن بە تەنها

ئەم شێوازی دابەشکردنە لە ئێستادا وێنەی کەمە لە نێو وڵاتانـدا بەڵام لە رابردودا نمونەی هەبوە ، فەرەنسا یەکێکە لەو نمونانە، کاتێك لە دەستوری ساڵی ١٧٩٩ ، پیادە کردنـی ئەو مـافە تەنهـا بە دەسـەڵاتی جێبەجێکـردن دەسـپێرێت و تایبەتمەنـدی پەرلەمـان کورتـدەکاتەوە لەوەی تەنها دەنگ بدات لەسەر ئەو پـرۆژە یاسـایانەی لە حکـومەتەوە بۆی دەنێردرێت[٢]، بە هەمان شێوە دەستوری ساڵی ١٩٤٧ی ئـوردنیش

---

١ دەستوری تورکیا ساڵی ١٩٨٢ ی هەموارکراو، لە ماددەی (٨٨)یدا هاتوە : (للنـواب صـلاحية التقدُّم بمشـروعات القوانين .يـنظم النظـام الـداخلي الإجـراءات والمبـادئ المتبَّعـة فـي مناقشة مشروعات القوانين المقدّمة من الأعضاء في الجمعية الوطنية الكبرى لتركيا ).

٢ دەستوری فەرەنسی ساڵی ١٧٩٩ ، لە دەروازەی چوارەم ، ماددەی( ٤٤)یدا هاتوە ( تقتـرح الحكومـة القوانيـن، فـي حيـن تقتصـر السـلطة التشـريعية علـى إبـداء الـرأي فــي المشـروعات الحكوميـة دون إن يكـون لهـا الحـق فــي تعديلهـا).

ئەو مافەی تەنها بە سەرۆك وەزیران بەخشیوە [1]. بەهەمان شێوە دەستوری ساڵی ١٩٧١ ی هەمواركراوی بەركار لە میرنشینە یەكگرتوەكانی عەرەبی لە مادەی ١١٠ خاڵی (٢) برگەی(أ) ئاماژەی بەوە كردوە كە دەستپێشخەری یاسادانان تەنها لە تایبەتمەندی و دەسەڵاتی ئەنجومەنی وەزیراندایە[2] .

### ٣. پیادەكردنی دەستپێشخەری یاسادانان بە هاوبەشی لەنێوان دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێكردن

ئەم شێوازە بەربڵاوترین شێوازی پێدان و دابەشكردنی مافی دەستپیشخەری یاسادانانە لە وڵاتاندا بەزۆریش لەو وڵاتانەدا كاری پێ دەكرێت كە سیستەمی سیاسیان پەرلەمانیە یان نیمچە سەرۆكایەتیە ، بە نمونە عێراق كە لە دەستوری هەمیشەیی ساڵی ٢٠٠٥ مادەی ٦٠[3]. كاتێك بەرونی ئەومافەی داوەتە هەریەك لە سەرۆكی

١ دەستوری ئوردنی ساڵی ١٩٤٧ لە ماددەی ٤٨، خاڵی ١ دا هاتوە (یعرض رئیس الوزراء مشروع كل قانون على مجلس النواب، فاذا قبل ما عرض علیه یرفع الى مجلس الاعیان ولا تعتبر المشاریع قوانین ما لم یوافق علیها المجلسان ویصدقها الملك).

٢ دەستوری میرنشینە یەكگرتوەكانی عەرەبی ساڵی ١٩٧١، لە مادەی (١١٠) خاڵی(١) برگەی(أ)یدا هاتوە (یعد مجلس الوزراء مشروع القانون ویعرضه على المجلس الوطني الاتحادي)

٣ دەستوری هەمیشەیی عیراق ساڵی ٢٠٠٥ ، م٦٠ ( یەكەم: پرۆژەی یاساكان لەلایەن سەرۆكی كۆمار و ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەش دەكرێن. دووەم: پێشنیازی یاساكان لەلایەن ١٠ ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران ، یان یەكێك لە لیژنە تایبەتمەندەكانیەوە پێشكەش دەكرێن).

کۆمــار و ئەنجــومەنی وەزیــران لەلایەك و ئەنــدامانی ئەنجــومەنی نوێنەرانیش لەلایەکی دیکە.

### ٤. پیادەکردنی دەستپێشخەری یاساداناں لەلایەن خەڵکەوە :

لەمجۆرە دەستپێشخەریەدا هاوڵاتیان دەتوانن لە رێگەی گرتنە بەری چەنــد رێککــارێکەوە خۆیــان راســتەوخۆ پیــادەی مــافی دەستپێشخەری یاسادانان بکەن ، بە نمونە لە وڵاتی فلیبین بە پێی یاسای دەستپێشــخەری و راپرسی ( The Initiative and Referendum Act) ژمارە (٦٧٣٥) ی ساڵی ١٩٨٩ ، مافی پیادە کردنی دەستپێخەری یاسادانانی داوە بە هاوڵاتیانی فلیبینی بە دوو جۆر ، جۆری یەکەم کە خۆیان راستەوخۆ بۆیان هەیە پێشنیازی پرۆژە یاسا بکەن و بیخەنە دەنگدانەوە ، ئەمجۆرەیانی ناوناوە بە دەستپێشــخەری یاسادانانی راستەوخۆ[1] ، ئەم جۆرەیان جیگەی باس کردنی ئەم تـوێژینەوەی ئـێمە نـیە ، جــۆری دووەم بــریتیە لەوەی کە هاوڵاتیــان لەرێــگەی رێکخراوێکی جەماوەری تۆمارکراو بە پێی یاسا بۆیان هەیە پیادەی مافی دەستپێشخەری یاسادانان بکەن و راستەوخۆ پێشنیازە یاسا ئاراستەی ئەنجــومەنی نــوێنەران بــکەن [2]. هــەروەها یاســادانەری

---

١ یاسای (The Initiative and Referendum Act) ژمارە (٦٧٣٥) ی ساڵی ١٩٨٩ لە ماددە (٣) برگەی (ب) خاڵی(٢)یدا هاتوە ( Initiative on statutes which refers to a petition proposing to enact a national legislation)، https://lawphil.net/statutes/repacts/ra1989/ra_6735_1989.html

٢ یاسای (The Initiative and Referendum Act) ژمارە (٦٧٣٥) ی ساڵی ١٩٨٩ لە ماددە (٣) برگەی (ب)یدا هاتووە: ( "Indirect initiative" is exercise of initiative by the

ئیسـپانیش ئەو ڕێچـکەی گرتـۆتە بەر و مـافی داوە بە هاوڵاتیـان کە ڕاستەوخۆ پێشنیاری پێشنیازە یاسا بـکەن بـۆ ئەنجـومەنی نـوێنەران بەمەرجـی ئەوەی یەکەم: زیـاتر لە (٥٠٠٠٠)پێنجسـەد هەزار هـاوڵاتی واژوی لەسەر پێشنیارەکە کردبێـت ، دووەم: نابێـت پێشـنیازە یاسـاکە تـایبەت بێـت بە بابەتەکـانی یاسـای تەنزیمـی ،بـاج، یاسـا سروشـت نێودەوڵەتیەکان، یاساکانی تایبەت بە لێبوردن [١].

## ٥. پیـادەکردنی دەستپێشـخەری یاسـادانان لەلایەن پەرلەمـانی هەرێمەکانەوە:

لە وڵاتە فیـدراڵیەکان جـگە لە پەرلەمـانی فیـدراڵی پەرلەمـانی هەرێمەکـانیش بونیـان هەیە، لە هەنـدێك لەو وڵاتـانە، پەرلەمـانی هەرێمەکـان سـەرباری بـونی تایبەتمەنـدی لە دەرکردنـی یاسـا لە چوارچێـوەی هەرێـمەکەدا، تایبەتمەنـدی پێشـنیارکردنی پێشـنیاز

---

people through a proposition sent to Congress or the local legislative (body for action هەروەها لە ماددەی (١١)یدا هاتوە :

Any duly accredited people's organization, as defined by law, may file a ) petition for indirect initiative with the House of Representatives, and other legislative bodies. The petition shall contain a summary of the chief purposes and contents of the bill that the organization proposes .(to be enacted into law by the legislature. https://lawphil.net/statutes/repacts/ra1989/ra_6735_1989.html

١ دەستوری ئیسپانی ساڵی ١٩٧٨ ی هەموارکراو ، لە ماددەی (٨٧)خاڵی (٣)یدا هاتوە (یحدد قـانون أساسـي أشـكال ممارسـة المبـادرة الشـعبية وشـروطها وذلـك مـن أجـل تقـديم مقترحات قوانين .ولا يجب في جميع الأحوال تقديم أقل مـن ٥٠٠٠٠ توقيـع موثـق. ولا يمكن أن تخص المبادرة المذكورة المجالات التي تنظمها القوانين التنظيمية والضـريبية والقوانين ذات الطابع الدولي، ولا أن تطال صلاحيات إصدار العفو).

یاساشی پێدراوه بۆ پەرلەمانی فیدراڵی ، وەك ئەوەی لە ئیسپانیادا هەیە کە تایبەتمەندی دراوەتە پەرلەمانی هەرێمە خۆجێیەکان تا پێشنیازە یاسا پێشنیار بکەن بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی فیدراڵی [١].

### ٦. پیادەکردنی دەستپێشخەری یاسادانان لەلایەن دەسەڵاتی دادوەریەوە

هەندێك لە یاسادانەرانی وڵاتان تایبەتمندی پیادەکردنیان بەخشیوەتە دەسەڵاتی دادوەری، وەك ئەوەی یاسادانەری ئیکوادۆری کردویەتی ، کە تایبەتمەندی دەستپێشخەری یاسادانانی بەخشیوەتە هەریەکە لە دادگای دەستوری و نوسیگەی داواکاری گشتی و چەند دامەزراوەیەکی دیکەی دادوەری [٢].

---

١ دەستوری ئیسپانی ساڵی ١٩٧٨ ی هەموارکراو ، لە ماددەی (٨٧)خاڵی (٢)یدا هاتوە(يجوز أن تطالب الجمعيات التشريعية المحلية التابعة لمجتمعات الحكم الذاتي الحكومة بتبني مشروع قانون أو أن تحيل إلى هيئة مكتب مجلس النواب مقترح قانون مع إيفاد ثلاثة من أعضائها على الأكثر للدفاع عن مشروع أو مقترح القانون أمام المجلس المذكور).

٢ دەستوری ئیکوادۆری ساڵی ٢٠٠٨ ی هەموارکراو، لە ماددەی (١٣٤) خاڵی (٤)یدا هاتوە : (يبادر بتقديم مشاريع قوانين:..... 4 - المحكمة الدستورية، ومكتب المدعي العام للدولة، ومكتب النائب العام، ومكتب أمين مظالم حقوق الإنسان، ومكتب أمين مظالم الشعب، في الموضوعات المتعلقة بها وفق صلاحياتها).

## پێـنجەم : شـێوازەکانی پیـادەکردنی تایبەتمەنـدی دەستپێشـخەری یاسادانان

لەتەووەرەی دووەمـی ئەم بەشـەدا ئاماژەمـان کـرد بەو کەس و لایەنانەی کە پیادەی تایبەتمەندی دەستپێشـخەری یاسـادانان دەکەن، بێ گومان شێوازی جۆراوجۆر و جیاواز هەیە بۆ پیادەکردنی ئەویـش دەوەسـتێتە سـەر جـۆری سیتسـەمی سیاسـی وڵات و چـۆنیەتی رێکخستنی دەستوری ویاسایی و پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی هەر وڵاتێـك بـۆ ئەو تایبەتمەنـدیە ، دەتـوانین شـێولزە سـەرکیەکان بەمشێوەیە پۆلێن بکەین :

### ١- شـێوازەکانی پیـادە کردنـی دەستپێشـخەری یاسـادانان لەلایەن پەرلەمانەوە:

پەرلەمـان یـاخود دەسـەڵاتی یاسـادانان بە شـێوازی جۆربەجـۆر پیادەی ئەو تایبەتمەندیە دەکات لەوانە:

أ- **پیـادەکردنی لەلایەن ئەنـدامانی پەرلەمـانەوە:** یەکێـك لە شـێوازەکانی پیـادەکردنی دەستپێشـخەری یاسـادانان ئەوەیە کە لەلایەن ئەندامانیەوە پیـادە دەکرێـت ، جـا ئەنـدامانی تـاکە ژوری پەرلەمـان بێـت لەو بـارانەی پەرلەمـان لە یەك ژور (ئەنجـومەن) پێـك بێت،یـان ئەنـدامانی هەردوو ژورەکە(ئەنجـومەنەکە) لەو بـارانەی کە پێکهـاتەی پەرلەمـان دوانەیـی بێـت واتـا لە دوو ژور(ئەنجـومەن) پێـك بێـت، ژمـارەی یاسـایی پێویسـت بـۆ

پێشنیارکردنی (پێشنیازە یاسا) جیاوازە هەندێك وڵات تەنها یەك ئەندام دەتوانێت ئەو تایبەتمەندیە پیادە بکات وەك شانشینی مەغریب(١) ، هەروەها وڵاتی مصریش بەهەمانشێوەی تایبەتمەندی پیادەکردنی دەستپێشخەری یاسادانانی داوە بە یەك ئەندام بەڵام لە هەمان کات داویشیەتی بە دە(١٠) ئەندام، بەڵام رێککارەکانی پیادەکردنی هەریەك لەو دوو شێوازە جیاوازن (٢)، هەروها وڵات هەیە بۆ پیادەکردنی ئەو تایبەتمەندیە پێویستی بە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانە کە (١٠) دە ئەندامە بەلانی کەمەوە وەك ئوردن (٣)، هەروەها عێراق (٤)، هەروەها وڵات هەیە ئەو ژمارەیەی بەرزکرۆتەوە بۆ (٢٠) بیست ئەندامی

١ دەستوری مەغریبی ساڵی ٢٠١١ لە دەروازەی (٧٨)یدا هاتوە(لرئيس الحكومة ولأعضاء البرلمان على السواء حق التقدم باقتراح القوانين.).

٢ دەستوری مصری ساڵی ٢٠١٤ی هەموارکراو لە ماددە(١٢٢) یدا هاتوە (لرئيس الجمهورية، ولمجلس الوزراء، ولكل عضو فى مجلس النواب اقتراح القوانين، ويحال كل مشروع قانون مقدم من الحكومة أو من عُشر أعضاء المجلس إلى اللجان النوعية المختصة بمجلس النواب، لفحصه وتقديم تقرير عنه إلى المجلس، ويجوز للجنة أن تستمع إلى ذوى الخبرة فى الموضوع اللجان التشريعية ، ولا يحال الاقتراح بقانون المقدم من أحد الأعضاء إلى اللجنة النوعية، إلا إذا أجازته اللجنة المختصة بالمقترحات، ووافق المجلس على ذلك، فإذا رفضت اللجنة الاقتراح بقانون وجب أن يكون قرارها مسبباً.).

٣ دەستوری ئوردنی ساڵی ١٩٥٢ ی هەموارکراو لە ماددەی(٩٢) خاڵی (١)یدا هاتوە (يجوز لعشرة او اكثر من اعضاء اي من مجلسي الاعيان والنواب ان يقترحوا القوانين).

٤ دەستوری عیراقی ساڵی ٢٠٠٥، لە ماددەی (٦٠) بڕگەی دووەمیدا هاتوە ( مقترحات القوانين تقدم من عشرة من اعضاء مجلس النواب).

پەرلەمـان وەکـو جەزائیـر (١).یاسـادانەریش هەیە ژمـارەکەی زۆر لەوە زیـاتر بەرز کـردۆتەوە ،بـۆ نمـونە یاسـادانەری عیراقـی لە پەیـڕەوی نـاوخۆی ئەنجـومەنی نیشـتیمانی سـاڵی ١٩٩٩ی هەڵوەشـاوە ، تایبەتمەنـدی دەستپێشـخەری یاسـادانانی داوە بە ئەنـدامانی ئەنجـومەنەکە بە مرەجێـك لەلایەن (٤\١) یەك لەسـەر چـواری ئەنـدامانی ئەنجـومەنەکەوە پێشـنیار بکرێـت، لە کاتێکـدا ئەنجومەنەکە لە (٢٥٠) دووسەدو پەنجا ئەندام پێك دێـت، کەواتە ژمـــارەی یاســـایی پێویســـتی ئەنـــدامان بـــۆ پیـــادەکردنی دەستپێشخەری یاسادانان(٧٥) حەفتاو پێنج ئەندامە [٢].

ب- **پیادە کردنی لەلایەن لیژنەکانی پەرلەمانەوە:** هەندێك لە وڵاتـان لیژنەکانی پەرلەمانیش تایبەتمەندی پیادە کردنی دەستپێشخەری یاسادانانیان پێدراوە ، وەکو عیراق [٣]، بەهەمانشێوە یاسـادانەری

---

١ دەستوری جەزائیری ساڵی ٢٠١٦ ی هەموارکراو ، لە ماددەی(١٣٦)یدا هاتوە (لكلّ من الوزير الأول والنّوّاب وأعضاء مجلس الأمة حقّ المبادرة بالقوانين . ٥٥ المــادّة ١٣٦ : تكون اقتراحات القوانين قابلة للمناقشة، إذا قدّمها عشرون (٢٠ )نائبا أو عشـرون ( ٢٠) عضـوا في مجلس الأمة في المسائل المنصوص عليها في المادة ١٣٧ أدناه).

٢ پەیـڕەوی نـاوخۆی سـاڵی ١٩٩٩ ی هەڵوەشـاوەی ئەنجـومەنی نیشـتیمانی عیراقـی ، لە ماددەی (١١٨)یدا هاتوە :( ينظر المجلس في مشروعات القوانين، التي يقترحها ربع عدد أعضاء المجلس، في غير الأمور العسكرية وشؤون الأمن العام ).

٣ دەسـتوری عیراقـی سـاڵی ٢٠٠٥، لە مـاددەی (٦٠) بـڕگەی دووەمیـدا هـاتوە ( مقترحـات القوانين تقدم من عشرة من اعضاء مجلس النواب، أو من احدى لجانه المختصة).

ســــودانیش ئەو مــــافەی داوە بە لیژنەكــــانی ئەنجــــومەنی نیشتیمانی[1].

ت- **پیــادەكردنی لەلایەن ئۆپۆزســیۆنی پەرلەمــانی:** یاســادانەری هەنــدێك وڵات وەك ئــامرازێكی دەســتەبەركردنی بەشــداری ئۆپۆزســــیۆنی پەرلەمــــانی، تایبەتمەنــــدی پیــــادەكردنی دەستپێشــخەری یاســادانانی پێــداون ، وەك ئەوەی یاســادانەری مەغریبی كردویەتی [2].

ث- **پیــادەكردنی لەلایەن ئەنــدامانی بێلایەنــی پەرلەمــان:** نمــونەی یاســادانەری بەریتــانی كە لەرێــگەی شــێوازێكی تــایبەت و بە رێككــاری جیــاواز لە مــاددەی (١٩) لە پەیــڕەوی نــاوخۆی ئەنجــومەنی گشــتی ، پیــادەكردنی ئەو تایبەتمەنــدیەی داوە بە كــۆمەڵە ئەنــدامێك كە ناســراون بە ئەنــدامانی كورســی ریــزی پشتەوە (MPs Backbench or Backbenchers ) ، ئەو ئەندامانە سەر بە زۆریــنەی پەرلەمــانی نــین، لە هەمانكــات ســەر بە گروپــی ئۆپزســیۆنیش نــین ،رەنــگە خــوێنەر بپرســێت جــا خــۆ تەنهــا ئەندامێكیش تایبەتمەنـدی پیـادەكردنی دەستپێشـخەری یاسایی

---

١ دەســتوری ســودانی ســاڵی ١٩٩٨ ی هەڵوەشــاوە ، لە مــاددەی (٨٧)یــدا هــاتوە:( لــرئيس الجمهورية، أو لمجلس الوزراء، أو لأي وزير اتحادي، كما لأية لجنـة للمجلـس الـوطني أو لأي عضو بمبادرة خاصة، التقدم للمجلس بمشروع قانون).

٢ دەستوری مەغریبــی ســاڵی ٢٠١١ ، لە دەروازەی (١٠) یــدا هــاتوە (ويضـمن الدسـتور، بصـفة خاصة، للمعارضة الحقوق التالية: .......المشاركة الفعلية في مسطرة التشـريع، لاسـيما عن طريق تسجيل مقترحات قوانين بجدول أعمال مجلسي البرلمان).

پێـدراوە ،چ جیـاوازیەکی هەیە جـارێکی دیـکە یاسـادانەر ئەم شێوازەشـی بڕیـار لێـداوە ، لە وەڵامـدا دەڵێـین، راسـتە تەنهـا ئەنـدامێکی ئەنجـومەنی گشـتی بەریتـانی دەتوانێـت پێشـنیاری (پێشنیازە یاسا) بکات، بەڵام رێککارەکانی جیـاوازە لەو شـێوازەی بۆ ئەندامانی بێلایەن بڕیاری لێـدراوە جیـاوازیەکەش بە جـۆرێکە کە هەلـی بـونە یاسـای ئەو جـۆرە پێشـنیازە یاسـانەی زۆر زیـاتر کـردوە کە لەلایەن ئەنـدامێکی بـێلایەنەوە پێشـنیار دەکرێـت تـا ئەوانـەی لەلایەن ئەنـدامێکی سـەر بە گروپـی دەسـەڵات یـان ئۆپۆزسیۆنەوە پێشکەش دەکرێن (١).

ج- **پیـادەکردنی لەلایەن ژورێکـی پەرلەمـانیەوە:** یاسـادانەری بـەریتانی شـێوازێکی دیـکەی پیـادەکردنی دەستپێشـخەری یاسادانانی بڕیـار لێـداوە کە لەلایەن ژورێکـی پەرلەمـانەوە پیـادە دەکرێت، ئەویش کاتێك ئەنجـومەنی لـۆردات رەزامەنـدی لەسـەر پێشـنیازی یاسـەیەك دەردەبڕێـت و یەکێـك لە ئەنـدامانی ئەنجـومەنی گشـتی تەبەنـی دەکـات و پێشـنیاری دەکـات بـۆ ئەنجومەنی گشتی [٢].

١.د. سـیفان بـأکراد میسـروب، فعالیـة المعارضـة البرلمانیـة وتأثیرهـا علـی اداء السـلطة التشریعیة، مجلة جامعة تکریـت للحقـوق السـنة (٤ ) ،المجلـد (٤ )،العـدد (٢ )الجـزء (١) ،٢٠١٩، ص ١٥.

٢ د. یـزن خلـوق محمـد ساجد،السـلطة التشـریعیة وصـن السیاسـة العامـة فـي النظـام البرلماني،دار الاکادیمیون للنشر والتوزیع ،عمان،ط١ ، لسنة ٢٠١٩، ص٢٣٦.

**٢- شێوازەکانی پیادەکردنی لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە :**

دەسەڵاتی جێبەجێکردنیش هاوشێوەی دەسەڵاتی یاسادانان یەك شـێوازی نـیە بـۆ پیـادە کردنـی ئەو تایبەتمەنـدیە ، بەشێوەیەکی گشتی سێ شێوازی پیادەکردنی هەیە :

أ- پیـــادەکردنی تەنهـــا لەلایەن ســـەرۆکی وڵاتەوە : یاسادانەری هەندێك لە وڵاتان بەدەر لەوەی تایبەتمەندی ئامادەکردنی پرۆژە یاسای بەخشیوەتە کێ ، بەڵام تەنها دەتوانرێـــت لەلایەن ســـەرۆکی وڵاتەوە پیـــادەی دەستپێشـــخەری یاســـادانان بکرێـــت ، وەك ئەوەی یاسادانەری لوبنانی کردویەتـی کاتێـك تەنها سـەرۆکی کۆمـاری تایبەتمەنـدکردوە بە پێشـنیار کردنـی پـرۆژە یاساکانی حکومەت بۆ ئەنجومەنی نوێنەران (١).

ب- پیـــادەکردنی تەنهـــا لەلایەن ســـەرۆکی ئەنجـــومەنی وەزیـــرانەوە: لە هەنـدێك لە وڵاتـــان پیـــادەکردنی ئەو تایبەتمەندیە تەنها دراوە بە سەرۆکی وەزیران ، بە نمونە فەرەنسا ،کە تەنها سەرۆك وەزیران مافی پێشنیارکردنی پـــرۆژە یاســـای هەیە بـــۆ ئەنجـــومەنی نیشـــتیمانی و ســـەرۆکی کۆمـــار بێبەشـــکراوە لە پیـــادە کردنـــی ئەو

---

١ دەستوری لوبنانی ساڵی ١٩٢٦ ی هەموارکراو ، لە ماددەی (٥٣) خاڵی (٦)یدا هاتوە (يحيل مشاريع القوانين التي ترفع إليه من مجلس الوزراء إلى مجلس النواب ).

تایبەتمەندیە [١]، هەروەها مەغریب بە هەمانشێوە تەنها سەرۆکي حکومەت بۆی هەیە پێشنیاری پرۆژە یاسا بکات بۆ ئەنجومەنی نوێنەران و پادشای وڵات بێبەش کراوە لە پیادەکردنی ئەو تایبەتمەندیە [٢].

ت- **پیادەکردنی لەلایەن سەرۆکی وڵات و ئەنجومەنی وەزیران یان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانەوە:** لە هەندێك وڵات یاسادانەر تایبەتمەندی پیادەکردنی دەستپێشخەری یاسادانانی داوە بە سەرۆکی وڵات و لە هەمان کات داویشیەتی بە ئەنجومەنی وەزیران ، بە نمونە عیراق ، یاسادانەر پیادەکردنی ئەو تایبەتمەندیەی داوە بە هەریەك لە سەرۆکی کۆمار و ئەنجومەنی وەزیران [٣]. هەروەها یاسادانەری میصری بەهەمان

---

١ دەستوری فەرەنسی هەموار کراوی ساڵی ١٩٥٨ لە ماددەی (٣٩)یدا هاتوە (من حق كل من رئيس الوزراء وأعضاء البرلمان المبادرة بالتشريع .تكون مناقشة مشروعات القوانين الحكومية في مجلس الوزراء بعد التشاور مع مجلس الدولة ويتم عرضها في واحدٍ أو آخر من مجلسي البرلمان).

٢ دەستوری مەغریبی ساڵی ٢٠١١، لە دەروازەی (٧٨)یدا هاتوە (لرئيس الحكومة ولأعضاء البرلمان على السواء حق التقدم باقتراح القوانين .تودع مشاريع القوانين بالأسبقية لدى مكتب مجلس النواب، غير أن مشاريع القوانين المتعلقة، على وجه الخصوص، بالجماعات الترابية وبالتنمية الجهوية، وبالقضايا الاجتماعية، تودع بالأسبقية لدى مكتب مجلس المستشارين).

٣ دەستوری عیراقی ساڵی ٢٠٠٥ ، لە ماددەی (٦٠) بڕگەی یەکەمیدا هاتوە ( مشروعات القوانين تقدم رئيس الجمهورية ومجلس الوزراء).

شێوە تایبەتمەندی پێشنیارکردنی پرۆژە یاسای داوەتە هەریەکە لە سەرۆکی کۆمار و ئەنجومەنی وەزیران [١].

لەهەمان کات دەستوری تونسی پیادە کردنی ئەو تایبەتمەندیەی داوە بە سەرۆکی کۆمار و سەرۆکی حکومەت [٢].

ث- **پیادەکردنی لەلایەن وەزیرەوە:** یاسادانەری هەندێك وڵات لەپاڵ سەرۆکی وڵات و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ، مافی پیادەکردنی دەستپێشخەری یاسادانانی بە شێوەیەکی تایبەت وراستوخۆ بەخشیوەتە وەزیرەکان، بۆ نمونە یاسا دانەری سودانی لە دەستوری ساڵی ١٩٩٨ ئەو مافەی داوە بە وەزیرەکانی حکومەتی ئیتیحادی [٣].

---

١ دەستوری میصری ساڵی ٢٠١٤ ی هەمواركراو ،لە ماددەی (١٢٢) یدا هاتوە(رئيس الجمهورية، ولمجلس الوزراء، ولكل عضو فى مجلس النواب اقتراح القوانين).

٢ دەستوری تونسی ساڵی ٢٠١٤ ، لە لە دەروازەی (٦٢)یدا هاتوە :( تُمارَس المبادرة التشريعية بمقترحات قوانين من عشرة نواب على الأقل، أو بمشاريع قوانين من رئيس الجمهورية أو رئيس الحكومة،ويختص رئيس الحكومة بتقديم مشاريع قوانين الموافقة على المعاهدات ومشاريع قوانين المالية، القانون الدولي ، التصديق على المعاهدات ولمشاريع القوانين أولوية النظر).

٣ دەستوری سودانی ساڵی ١٩٩٨ ی هەڵوەشاوە ، لە ماددەی (٨٧)یدا هاتوە:( لرئيس الجمهورية، أو لمجلس الوزراء، أو لأي وزير اتحادي، كما لأية لجنة للمجلس الوطني أو لأي عضو بمبادرة خاصة، التقدم للمجلس بمشروع قانون).

## بەشی دووەم

## رێکخستنی دەستپێشخەری یاسادانان لە هەرێمی کوردستان

### یەکەم : ئەو کەس و لایەنانەی لە هەرێمی کوردستان تایبەتمەندی پیادەکردنی دەستپێشخەری یاسادانانیان هەیە.

هەرچی سەبارەت بە هەرێمی کوردستانیشە ئەوا بە وردبونەوە لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان و یاسا کارپێکراوەکان بۆت رون دەبێتەوە کە ئەو مافەی بە هاوبەشی بەخشیوەتە هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن، نەك هەر ئەوەندە بگرە ئەو مافەی بەخشیوەتە دەسەڵاتی دادوەری و هەندێك لە دەستە سەربەخۆکان و هەر دامەزراوەیەکی دیکە کە لە داهاتودا یاسا بەرکارەکان ئەو مافەیان پێبدات[1]. واتە دەرگای پێدانی ئەو مافەی بە دامەزراوەی دیکەش بە کراوەیی هێشتۆتەوە ئەگەر لە داهاتودا بە پێویست زانرا. بە پێی پەیڕەوی ناوخۆو یاسا بەرکارەکان تا بەرواری نوسینی ئەم توێژینەوەیە، ئەم کەس و لایەنانە مافی دەستپێشخەری یاسادانانیان هەیە:

---

١ پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ساڵی ٢٠١٨، ماددەی یەکەم ( پرۆژە یاساو بڕیار :ئەو پرۆژە یاساو بڕیارانەیە کە لەلایەن سەرۆکی هەرێم یان ئەو پرۆژە یاسایانەیە کەلەلایەن ئەنجومەنی وەزیران ،دەسەڵاتی دادوەری لە بواری تایبەتمەندی خۆیان، دەستە سەربەخۆکان و هەر دامەزراوەیەك کە دەسەڵاتی ئاڕاستە کردنی پرۆژەی هەیە بە پێی یاسا کارپێکراوەکان ، ئاراستەی پەرلەمان دەکرێن)، (پێشنیازی یاسا و بڕیار : ئەو پێشنیازی یاساو بڕیارانەن کە لانیکەم لەلایەن ١٠ ئەندامی پەرلەمان پێشکەش دەکرێن).

### ١. پیادەکردنی تایبەتمەندی دەستپێشخەری یاسادانان لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە:

### ٢- سەرۆکی هەرێمی کوردستان:

بە پێی ماددەی (١٠) برگەی یەکەم لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی ژمارە(١) ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموار کراو هەروەها مادەە(١) پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانی هەموارکراو، مافی پیشنیارکردنی پرۆژە یاساو بڕیاری تایبەت بە کاروبارەکانی سەرۆکایەتی هەرێمی بۆ پەرلەمان دراوە بە سەرۆکی هەرێم، واتا ئەو تایبەتمەندیەی سەرۆکی هەرێم کۆت و بەندکراوە بە چوارچێوەی کاروبارەکانی سەرۆکایەتی هەرێم و تەنها دەتوانێت ئەو پرۆژەو بڕیارە یاسایانە پێشکەشی پەرلەمانی کوردستان بکات کە تایبەتن بە کاروباری سەرۆکایەتی هەرێمەوە ، ئەمەش پێچەوانەی ئەو تایبەتمەندیەیە کە دراوە بە سەرۆکی کۆمار لە دەستوری عیراقی ساڵی ٢٠٠٥، کە بە شێوەیەکی رەها دەسەڵاتی پێدراوە پرۆژەی یاسا پێشکەشی ئەنجومەنی نوێنەران بکات، سەبارەت بە هەر بابەتێك کە بە پێویستی بزانێت.

## ٣- ئەنجومەنی وەزیران

بە پێـی مـاددەی هەشـتەم خـاڵی (٢) لە یاسـای ئەنجـومەنی وەزیرانـی ژمـارە (٣)ی سـاڵی ١٩٩٢ ی هەمـوارکراو هەروەهـا بە پێـی ماددەی (١) پەیرەوی نـاوخۆی هەمـوارکراوی پەرلەمـان، ئەنجـومەنی وەزیـران مـافی پێشکەشـکردنی پـرۆژە یاسـای هەیە بـۆ پەرلەمـانی کوردستان

## ٤- پیـادەکردنی تایبەتمەنـدی دەستپێشـخەری یاسـادانان لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانان( ئەندامانی پەرلەمان) :

بەپێی ماددە(١)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ، (١٠) دە ئەندامی پەرلەمان یان زیاتر دەتوانن بێ هێچ کۆت و بەنـدێك و لە هەر بـوار و بابەتێـك کە بە پێویسـتی بـزانن پێشـنیازی یاسـا و بڕیـار پێشکەشـی پەرلەمـان بـکەن جـگە لە یاسـای بـودجە نەبێـت کە لە تایبەتمەنـدی ئەنجـومەنی وەزیرانـدایە بە تەنهـا . جـێگەی خـۆیەتی لێرەشـدا ئامـاژە بەوە بکەیـن کە ڕێکخسـتنی ئەو مـافە لە پەرلەمـانی کوردستان جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقـی، بەو پێیەی لە ئەنجومەنی نـوێنەرانی عیـراق، جـگە لە (١٠) دە ئەنـدام یـان زیـاتر، هەریەکە لە لیـژنە تایبەتمەنـدەکانیش مـافی پێشکەشـکردنی پێشنیازی یاسایان هەیە.

## ٥- دەسەڵاتی دادوەری

بەپێی ماددەی (١) پەیرەوی ناوخۆی هەمواركراوی بەركار لە پەرلەمانی كوردستان مافی پێشكەشكردنی پرۆژەی یاسا دراوە بە دەسەڵاتی دادوەری ، بەومەرجەی پرۆژە یاساكە تەنها پەیوەندیداربێت بە كاروبارەكانی دەسەڵاتی دادوەری، وە جێگەی خۆیەتی ئاماژە بەوە بكەین كە یاسا دانەری عیراقیش بە هەمان شێوە بە پێی ماددە(٣) بڕگەی دەیەم لە یاسای ئەنجومەنی دادوەری ژمارە(٤٥)ی ساڵی ٢٠١٧ی ئیتیحادی مافی پێشكەشكردنی پرۆژەی یاسای داوە بە دەسەڵاتی دادوەری.

## ٦- پیادەكردنی تایبەتمەندی دەستپێشخەری یاسادانان لەلایەن دەستە سەربەخۆكان:

### أ- دەستەی دەستپاكی

بە پێی ماددەی پێنجەم بڕگەی یازدەیەم لە یاسای دەستەی دەستپاكی ژمارە (٣) ی ساڵی ٢٠١١ ی هەمواركراو ،دەستە مافی پێشنیاركردنی ئەو پرۆژە یاسایانەی هەیە بۆ پەرلەمان ، كە دەچنە چوارچێوەی خۆپاراستن لە گەندەڵی یان بەرەنگاربوونەوەی.

**ب- کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان**

بە پێی مادده (١٧) لە یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ژمارە (٤) ی ساڵی ٢٠١٤ ، ئەنجومەنی باڵای کۆمسیۆن مافی پێشکەشکەشکردنی پێشنیازی یاسای پەیوەندیدار بە هەڵبژاردن و گشتپرسیەکانەوە هەیە بۆ پەرلەمان.

لەکۆتایی ئەو تەوەرەیەدا جێگەی خۆیەتی ئاماژە بەوە بکەین کە لە یاسای پارێزگاکانی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ ی هەمووارکراو لە ماددەی شەشەم بڕگەی نۆیەم[1] ،ئاماژە بەوە کراوە کە ئەنجومەنی پارێزگاکانیش تایبەتمەندی پێشکەشکردنی پرۆژەی یاسایان هەیە بەو مەرجەی تایبەت بێت بە پەرەپێدانی پارێزگاکەیان ،بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە لە دەقی ئەو بڕگەیەدا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە پێشنیاری پرۆژە یاساکە بۆ ئەنجومەنی وەزیران بەرز دەکرێتەوە لەرێگەی وەزارەتی پەیوەندیدارەوە ، لەبری ئەوەی پێشکەشی پەرلەمان بکرێت. ئەوەش جێگەی هەڵوەستە لەسەرکردنە، چونکەهەرچەندی لە دەقی ئەو بڕگەو مادده یاسایە رادەمێنیت حیکەمتی ئەوەت بۆ رون نابێتەوە بۆچی دەبێت ئەنجومەنێکی هەڵبژێردراو لەلایەن خەڵکەوە پێشنیاری پرۆژە یاسا ئاراستەی

---

١ یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣) ی ساڵی ٢٠٠٩ی هەموارکراو،لە ماددەی شەشەم، بڕگەی نۆیەمیدا هاتوە(پێشنیازکردنی پرۆژە یاسا تایبەتیەکان بە پەرەپێدانی پارێزگاکان وبەرزکردنەوەی بۆ ئەنجومەنی وەزیران لەرێگەی وەزارەتی پەیوەندیدارەوە).

وەزارەتـی پەیوەندیـدار بکـات تـا بـۆی بەرز بکـاتەوە بـۆ ئەنجـومەنی وەزیران ، لە کاتێکـدا ئەنجـومەنی پارێزگـا بەشـێك نـیە لە دەسـەڵاتی جێبەجێکردن، گەرلە مادەی (١٢٢) دەستوری عیراقی بڕگەی پێنجەم وردبینەوە زۆر بە رونی پێگەی یاسایی ئەنجومەنی پارێزگاکانمـان بـۆ رون دەبێتەوە کە لەژێربار و سەرپەرشـتی دەسـەڵاتی جێبەجەکردنـدا نـیە[1] ، راسـتە ئەو مـاددە دەسـتوریە بـاس لە ئەنجـومەنی پارێزگـا نارێکخراوەکان دەکات لە هەرێمدا بەڵام ئێمە مەبەستمان ئامـاژەدانە بە پــێگە یاســاییەکەی، تەنــانەت یاســای ژمــارە (٣)ســاڵی ٢٠٠٩ ی پارێزگاکــانی هەرێمــیش ئامــاژەی لەو جــۆرەی تێــدا نــیە کاتێــك ورددەبیـنەوە لە مادەکـانی (٣١)،(٣٦) دەبینـین بەرونـی ئامـاژەی بەوە کــردوە کە پەرلەمــان، تەنهــا لایەنە دەســەڵاتی چــاودێریکردن و هەڵوەشــاندنەوەی ئەنجــومەنی پارێزگاکــانی هەیە لە هەرێمــی کوردستاندا ، خۆ ئەگەر مەبەستی یاسادانەر ئەوەبوبێت کە ئەو پرۆژە یاسایانە پەیوەندیدارن بە سیاسـەتی گشـتی حکـومەتەوە یـان رەنـگ بێـت لێکەوتەیەکـی داراییـان هەبێـت ئەوە دەتـوانرا بە جـۆری دیـکە چارەســەر بکرێــت نەك وەك ئەوەی لە یاســاکەدا کـراوە، لە راسـتیدا دەتوانین بڵێین ئەوەی یاسادانەر لەو یاسایەدا کردویەتی ئینحرافێکی یاســادانانی زەقە، ئــاخر ئەگەر مەبەســت لەو بــڕگەیە ئەوەبێــت

١ دەستوری هەمیشەیی عیراق ، ساڵی ٢٠٠٥، لە مـاددەی (١٢٢) بـرگەی پێنجەمیـدا هـاتوە (لا یخضع مجلس المحافظة لسیطرة أو اشراف ایة وزارة أو أیة جهة غیر مرتبطة بـوزارة، وله مالیة مستقلة)

ئەنجـومەن بـۆی هەیە پێشـنیاری بیـرۆكەی پـرۆژە یاسـا بكـات بـۆ وەزارەتەكـــان ، خـــۆ هـــاوڵاتیەكی ســـادە،كۆمپانیایەك تەنـــانەت رێكخراوێكی ناحكومیش مافی ئەوەی هەیە پێشنیاری لەو جۆرە بۆ وەزارەتەكـــان بكـــات، چ پێویســـتی دەكـــرد وەك یەكێـــك لە تایبەتمەندیەكانی ئەنجومەن ئاماژەی بۆ بكرێت.

هەر ســـەبارەت بەو لایەنـــانەی تایبەتمەنـــدی دەستپێشـــخەری یاسـادانانیان پێـدراوە لە هەرێمـی كوردسـتاندا، بـابەتێكی دیـكەی پەیوەندیـدار هەیە كە جـێگەی خـۆیەتی لێـرەدا ئامـاژەی پێـبكەین، ئەویش ئەوەیە، یاسادانەر لە هەرێمی كوردستان لە یاسای هەندێك لە سەندیگاكان ئاماژەی بەوە كردوە كە مافی پێشنیاركدنی پرۆژە یاسای هەمواركردنەوەیان هەیە تایبەت ب یاسای سەندیكاكەیان ، بە نمـونە یاسـای ســەندیكای پزیشــكانی ژمــارە (٦) ســاڵی ٢٠٠٠،لە مــادەەی نۆزدەهەم برگەی یەكەم خـاڵی (٩) مـافی پێشكەشكردنی پێشـنیاری هەموار كردنەوەی یاسای سـەندیكای داوە بە ئەنجـومەنی سـەندیكا[1] ،بـێ ئەوەی رونـی بكـاتەوە ئەو مـافە چـۆن مومارەسـە دەكەن و ئەو پێشنیارە ئاراسـتەی كـێ دەكەن وە ئایـا ئەمەی لە یاسـای هەنـدێك لە ســەندیكاكاندا هــاتوە دەچێــتە چوارچێــوەی پێــدانی تایبەتمەنــدی دەستپێشخەری یاسادانان یـان تەنهـا پێشـنیاركردنی بیـرۆكەی پـرۆژە یاسایە.

---

١ یاسـای سـەندیكای پزیشـكانی هەرێمـی كوردسـتان ژمـارە (٦) سـاڵی ٢٠٠٠،لە مـاددەی ١٩،بـرگەی یەكەم ،خـاڵی (٩)یـدا هـاتوە: (ئەنجـومەنی سـەندیكا ئەم ئەركـانە دەگـرێتە ئەستۆ .... ٩- پێشكەشكردنی پێشنیار لەبارەی هەمواركردنی یاسای سەندیكا).

## دووەم: جۆرەکانی دەستپێشخەری یاسادانان لە هەرێمی کوردستان

هەر وڵاتێك بەپێی سروشتی سیستمی سیاسی و یاساییەکەی شێواز و جۆرەکانی دەستپێشخەری یاسادانانی رێکخستوە ، لەهەرێمی کوردستانیش ئەم بابەتە لەچوارچێوەی پەیڕەوی ناوخۆو یاسا بەرکارەکاندا رێکخراوە ، دوای سەرنجدان وردبونەوە دەتوانین بۆ چوار جۆر دابەشیان بکەین ئەوانیش:

### ١. پرۆژە یاسا

پەیڕەوی ناوخۆی هەموارکراو و بەرکار لە پەرلەمانی کوردستاندا، ئاماژەی بۆ ئەم جۆرە کردوە کە هەریەکە لە ، سەرۆکی هەرێم ، دەسەڵاتی دادوەری ، ئەنجومەنی وەزیران ،کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ، دەستەی دەستپاکی ، پیادەی ئەم جۆرە دەکەن.

جێگەی خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بە خاڵێك بکەین ئەویش ئەوەیە ، لەپەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانی ساڵی ٢٠١٨ پێش ئەوەی هەمواری یەکەمی بۆ بکرێتەوە جۆر وشێوازی ئەو دەستپێشخەری یاسادانانەی دراون بە دەستە سەربەخۆکان، بریتی بوە لە پشنیازی یاسا نەك پرۆژەی یاسا ، هەروەك لە ماددەی(٧٨) بڕگەی چوارەم

ئامازەی بۆ کردوە[1] . تەنانەت لە یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٤ لە ماددەی حەڤدەهەم، بەتایبەتی لە دەقە عەرەبیەکەیدا هاتوە (للمجلس حق تقديم مقترحات القوانين....).

### ٢. پرۆژەی بڕیارە یاسا

پەیڕەوی ناوخۆی هەموارکراوی پەرلەمان ئامازەی بۆ ئەم شێوازەی دەستپێشخەری یاسادانان کردوەو ،تەنها سەرۆکی هەرێم تایبەتمەندی پیادەکردنی ئەو جۆرەی پێدراوە[2] .

### ٣. پێشنیازی یاسا

بە پێی مادە (١) پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ئەم پێشنیازی یاساش وەك جۆرێك لە دەستپێشخەریەکانی یاسادانان ئامازەی پێکراوەو، تەنها (١٠ ) دە ئەندامی پەرلەمان بۆیان هەیە پیادە ئەو جۆرەیان بکەن.

### ٤. پێشنیازی بڕیارە یاسا:

---

١ پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ساڵی ٢٠١٨، ماددەی ٧٨ (پرۆسەی یاسادانان بریتیە لە گفتگۆو پەسندکردنی.....چوارەم : پێشنیازی ئەو یاسا و بڕیارانەی لەلایەن دامەزراوە فەرمیەکانەوە بەپێیاسا کارپێکراوەکان پێشکەش دەکرێن)، ل٨٥.

٢ یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموار کراو ،ماددەی دەیەم،برگەی یەکەم، خاڵی ١: (پێشنیارکردنی پرۆژەی یاسا و بڕیارەکانی تایبەت بە سەرۆکایەتی هەرێم بۆ پەرلەمانی کوردستان-عیراق).

به هەمـان شـێوە لە مـادەی (١) پەیـڕەوی نـاوخۆ ئامـاژەی پێکـراوە وەکجۆرێك لە جۆرەکـانی دەستپێشـخەری یاسـادانان و تەنها (١٠) دە پەرلەمان یان زیاتر مافی پیادە کردنی ئەو جۆرەیان هەیە.

## ٥. پێشنیازی هەمواری پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان:

هەرچەنـدە پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی کوردسـتان لە مـاددەی (٧٨)یدا کە تیایدا جۆرەکانی دەستپێشخەری یاسادانانی خستۆتە روو ، ئامـاژەی نەکـردوە بەوەی پێشـنیازی هەمـواری پەیـڕەوی نـاوخۆ بەشـێکە لە پرۆسـەی یاسـادانان وەك ئەوەی یاسـا دانەری عیراقـی کردویەتـی کاتێـك لە مـاددەی (٣١)ی پەیـڕەوی نـاوخۆی ئەنجـومەنی نوێنەرانـدا دەرچوانـدنی پەیـڕەوی نـاوخۆی ئەنجومەنەکەشـی بە بەشـێك لە پرۆسـەی یاسـادانان هەژمـار کـردوە[1] ، بەڵام لە مـاددەی (١٢٥)ی وەك مـاددەیەکی تەواوکەر بـۆ مـاددەی (٧٨)ی پەیـڕەوەکە ئاماژەی بەوە کردوە کە پرۆسەی هەموارکردنەوەی پەیڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـان هەمـان ئەو رێککـارانەی لەسـەر جێبەجـێ دەبێـت کە بـۆ

---

١پەیڕەوی نـاوخۆی ئەنجـومەنی نـوێنەرانی عێـراق لە مـاددەی (٣١) یـدا هـاتوە : (یمـارس المجلس الاختصاصات التشريعية الآتية:
أولاً: إصدار النظام الداخلي الخاص به......سادساً: النظر في مشروعات القوانين المقترحة من قبل أعضاء المجلس ولجانه.)

پێشنیازی یاسا یان بڕیارە یاسا دەگیرێنە بەر [1]. لەروی پراکتیشەوە لە یەکەم هەمـواری کە لە ساڵی ٢٠١٩ ئەنجامـدرا هەمـان رێککارەکـانی یاسادانانی گرتە بەر کاتێك پێشنیازی هەمـوارکردنەوەکە لەلایەن (٢٩) ئەندامی پەرلەمـانەوە لە بەرواری (٢٠١٩\٧\٢) ئاراستـەی سـەرۆکایەتی پەرلەمـان کـراوە تـاوەکو رەزامەنـد بـن بـۆ خسـتنە بەرنـامەی کـاری دانیشتنەکانی پەرلەمان بەمەبەستی ئەنجامدانی خوێندنەوەی یەکەم بۆی [2]. دواتـریش تەواوی قۆناغەکـانی دیـکەی پرۆسـەی یاسـادانانی بەسەردا پیادەکرا ، لەخوێندنەوەی یەکەم و نوسینی راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەنـد و خوێنـدنەوەی دووەم و گفتوگـۆکردنی ئەنـدامان و تـا دەگات بە دانیشتنی دەنگدان.

١ پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی کوردسـتان ،لە مـاددەی (١٢٥)یـدا هـاتوە : ( دەکرێـت حوکمەکانی ئەم پەیڕەوە ، هەموو یان بەشێکی ، یان هەر ماددەیەکی لەسەر پێشنیازی (٤\١) چواریەکی ئەنـدامان ، بەرەزامەنـدی زۆریـنەی ئامـادەبوان هەمـوار بکـرێتەوە بە هەمان رێککاری یاسادانان).

٢ داواکـــاری (٢٩) ئەنـــدامی پەرلەمـــان بـــۆ دەســـتەی ســـەرۆکایەتی پەرلەمـــان کە لە پێشـەکیەکەیدا هـاتوە : (ئـێمە ژمـارە یاسـایی ئەنـدامانی پەرلەمـان کە لە خـوارەوە واژومـان کـردوە ،داواکـارین خوێنـدنەوەی یەکەمـی هەمـواری پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمان، بخرێتە بەرنامەی کاری پەرلەمانەوەو خوێندنەوەی بۆ بکرێت ..........).

## بەشی سێییەم
## لێکچون و جیاوازیەکانی جۆرەکانی دەستپێشخەری یاسادانان لە هەرێمی کوردستان

### یەکەم: یاسا و بڕیارە یاسا

هەروەك لە بەشــی دووەمــدا ئاماژەمــان بەوەدا کە لە هەرێمــی کوردســـتان ، پەرلەمـــانی کوردســـتان کە بەرجەســـتەی دەســـەڵاتی یاسادانان دەکات جگە لە دەرکردنی یاسا ، بڕیـارە یاسـاش دەردەکـات کە هەمان هێزی یاسایان هەیە ، ئەمەش بۆخۆی جۆرێـك لە پرسـیاری دروستکردوە چونکە هاوشێوەی کەمە لەپیادەکردنی ئەم تایبەتمەندی و دەســەڵاتەیدا ، هەوڵ دەدەیــن لەم بەشــەدا تیشــك بخەیــنە ســەر سروشــت وجــۆری بڕیارەکــانی پەرلەمــان و خاڵەکــانی لێکچــون و لێکجیاوازی نێوان یاسا و بڕیـارە یاسـا بخەیـنە روو کە هەمـان هێـزی یاساییان هەیە .

#### ١- بڕیارە یاسا و پیادە کردنی لە عێراق

بەر لەوەی بچیــنە ســەر تــاوتوێکردنی سروشــتی ئەو بڕیــارانەی پەرلەمانی کوردستان کە هەمـان هێـزی یاسـایان هەیە ، بە پێویسـتی دەزانـــین ئامـــاژە بەوە بکەیـــن کە هەرچەنـــدە ئەو تایبەتمەنـــدیەی

پەرلەمـانی کوردسـتان هاوشـێوەی لە وڵاتـانی دیـکەدا نـیە ، بەڵام لە عیراقدا پێشینەی هەیە، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ دەستوری کاتی عێراقی سـاڵی ١٩٧٠ لە مـادەی (٤٢) بـڕگەی (أ) ئامـاژەی بەوە کـردوە کە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش( مجلس قيادة الثورة) تایبەتمەنـدە بە دەرکردنی یاسا و ئەو بڕیارانەی کە هێزی یاسایان هەیە[1]. تا روخـانی رژێمـی پێشـوو لە عێـراق لەسـەر دەسـتی ویـلایەتە یەکگرتوەکـانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە ساڵی ٢٠٠٣ ،ئەنجومەنەکە بەردەوام بـوە لە پیـادە کردنـی ئەو تایبەتمەنـدیەو بە سـەدان بڕیـاری دەرکـردوە کە هەمان هێـزی یاسـایان هەبـوە ، وە هـیچ کـۆت و بەندێکیشـی لەسـەر نەبوە چی لەروی ناوەڕۆك وئەو بابەتانەی بە بڕیار رێکیخسـتون ، یـان لە روی رواڵەتیەوەبێـت .لە راسـتیدا سروشـتی دەسـەڵاتەکانی ئەنجـومەنی سـەرکردایەتی شـۆڕش تـێکەڵەیەك بـوە لە نێـوان تایبەتمەنـدی و دەسـەڵاتەکانی (دەسـەڵاتی یاسـادانان) و (دەسـەڵاتی جێبەجێکردن) ، ئەمەش وای کـردوە کە ئاسـان نەبێـت بـۆ تـوێژەرانی بواری یاسا یەکلایی بکەنەوە ئاخۆ لە دەرکردنی ئەو بڕیـارانەی هێـزی یاسـایان هەیە وەك بەشـێك لە دەسـەڵات و تایبەتمەنـدیەکانی دەسـەڵاتی یاسـادانان دەریکـردون یـان وەك بەشـێك لە دەسـەڵات و تایبەتمەنـدیەکانی دەسـەڵاتی جێبەجێکـردن ،هەرچەنـدە ئەگەر ئەوە لەبەرچـاو بگـرین کە سـاڵانێکی زۆر دوای دەرچـونی دەسـتوری کـاتی

١ دەستوری کاتی عیراق ساڵی ١٩٧٠ ، لە ماددەی (٤٢) برگەی (أ) یدا هاتوە (یمارس مجلس قيادة الثورة....أ- اصدار القوانين والقرارات التي لها قوة القانون).

عیراقـی سـاڵی ١٩٧٠ ، ئەنجـومەنی نیشـتیمانی کە لە مـاددەی ٤٧ی [1] دەســتورەکە ئامــاژەی بــۆ دەکــات وەك هاوبەشــی ئەنجــومەنی سەرکردایەتی شـۆرش لە پیـادەکردنی تایبەتمەنـدی یاسـادانان، بـونی نەبوە، تەنانەت یاساکەشی یاسای ئەنجومەنی نیشتیمانی ژمـارە(٥٥ ) ساڵی ١٩٨٠ ) کەکارەکانی ئەنجومەنەکەی ڕێکخسـتوە (١٠) سـاڵ دواتـر دەرچوە، ئەمەش گریمانەی ئەوەی کە ئەنجـومەنی بـاڵای شـۆرش ئەو تایبەتمەندیەی وەك دەسەڵاتی یاسادانان پیادە کـردوە زیـاتر دەکـات . ئەوەی گرنگە بۆئێمە لێرەدا ئاماژەی پێبدەین ئەوەیە ئەم جۆرە بڕیارە لە عێراقدا بونی هەبوە و لەلایەن ئەنجومەنی سـەرکردایەتی شـۆرش وەك یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی دەسەڵاتی یاسادانان پیادەی کردوە . لەدوای روخــانی رژێمــی بەعــس و بەدیــاریکراوی لە دەســتوری هەمیشــەیی عیراقــی ســاڵی ٢٠٠٥، هــیچ ئامــاژەیەك بــونی نــیە کە ئەنجــومەنی نــوێنەرانی عیــراق مــاف و تایبەتمەنــدی پیــادەکردنی دەرکردنی جۆرە بڕیارێکی هەبێـت کە هێـزی یاسـای هەبێـت ،بەڵام لە یاسـای  ئەنجـومەنی نـوێنەرانی عیـراق و پێکهاتەکـانی ژمـارە (١٣) ی ســاڵی ٢٠١٨ ، تایبەتمەنــدی دەرکردنــی جــۆرە بڕیــارێکی داوە بە

---

١ دەستوری کاتی عیراقی  ساڵی ١٩٧٠، لە ماددەی ٤٧ یدا هاتوە (يتألف المجلس الوطني من ممثلي الشعب في مختلف قطاعاته السياسية والاقتصادية والاجتماعية ، ويتم تشكيله وتحدد طريقة العضوية وسير العمل فيه وصلاحياته بقانون خاص يسمى قانون المجلس الوطني).

ئەنجومەنی نوێنەران کە هێزی یاسایان هەبێت[1]. هەرچەندە دادگای باڵای ئیتیحادی بە بڕیاری ژمارە (١٤٠) ی ساڵی ٢٠١٨ ، بە حوکمی نا دەستوریبونی ئەم بڕگەیەو چەندین بڕگەی دیکەی ئەم یاسایەی هەڵوەشاندۆتەوە [2].

لەگەڵ ئەوەشدا ئەنجومەنی نوێنەران لە مێژوی کارکردنیەوە تا ئێستا چەندین بڕیاری دەرکردوە لەژێر ناونیشانی بریاری نیابی(بریاری پەرلەمانی) [3]لە دەرکردنی ئەو بڕیارانەش پشتی بەستوە بە دەقی بڕگەی دووەم لە ماددەی (٥٩)ی دەستوری هەمیشەی ساڵی ٢٠٠٥ [4].

---

١ یاسای ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠١٨ ،لە ماددەی (١) برگەی حەوتەمیدا هاتوە (یمارس المجلس وفقا للاجراءات المنصوص عليها في نظامه الداخلي الاختصاصات التشريعية الاتية:.... سابعاً:اصدار القرارات التشريعية).

٢ بڕیاری ژمارە (١٤٠) ی ساڵی ٢٠١٨ ی دادگای ئیتیحادی لەخاڵی (٧) یدا هاتوە( الطعن الوارد على المادة (١٧\سابعا) من القانون المتضمنة صلاحية مجلس النواب ،اصدار القرارات التشريعية ، تجد المحكمة ان الدستور وفي المادة (٦١\اولا) قد نص على اختصاصات مجلس النواب بتشريع القوانين الاتحادية ولم ينص على تخويله اصدار قرارات تشريعية عدا ما نصت عليه الدستور في مواضعهاعلى تخويله اصدار عدد من القرارات،ضمن الماده الواردة في الدستور ومنها المادة ( ٥٢\ثانيا)،وتلك التي نصت عليها المادة(٦١)،لذا فان نص المادة(١٧\سابعا) من القانون لا سند له الدستور).

٣ بەکارهێنانی دەستەواوەژەی بڕیاری نیابی لە جیاتی (بڕیاری پەرلەمانی) بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پەرلەمانی عێراق ناوەکەی ئەنجومەنی نوێنەرانە (مجلس النواب).

٤ بڕوانە بڕیاری ژمارە (٥٤)ی ساڵی ٢٠١٧ ی ئەنجومەی نوێنەران کە لە رۆژنامەی وێقایعی عێراقی ژمارە (٤٤٦٤)ی ساڵی ٢٠١٧، بڵاوکراوەتەوە، ئەمە دەقەکەیەتی (قرر مجلس النواب بجلسته الثانية والعشرون والمنعقدة بتاريخ ٢٥/أيلول/٢٠١٧ من الفصل التشريعي الأول السنة التشريعية الرابعة / الدورة الانتخابية الثالثة واستناداً الى أحكام المادة (

## ٢- جۆر و سروشتی ئەو بڕیارانەی پەرلەمانی کوردستان دەریدەکات

سەرەتا دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە باس لە پۆلێن کردنی بڕیارەکانی پەرلەمان دەکەین مەبەستمان ئەو بڕیارانەیە کە لە هۆڵی پەرلەمان و بە دەنگی ئەندامانی پەرلەمان دەردەچن ، هەر بڕیارێکی دیکەی دەرەوەی هۆڵی پەرلەمان بێگومان دەچێتە خانەی بڕیاری کارگێڕیەو بەدەرە لە چوارچێوەی ئەم نوسینەی ئێمە دەبێت. بەشێوەیەکی گشتی پەرلەمانی کوردستان دووجۆر بڕیار دەردەکات ئەوانیش:

### أ- بڕیارە یاسا (القرار التشريعي)

ئەو بڕیارانەیە کە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان دەریان دەکات وەك پیادە کردنی بەشێك لە تایبەتمەندی یاسادانان.یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ کە چوارچێوەی یاسایی کارو تایبەتمەندیەکانی پەرلەمانی ڕێکخستوە هیچ ئاماژەیەکی تێدا نیە بۆ بونی تایبەتمەندی دەرکردنی (بڕیارە یاسا) بەڵکو لە خاڵی(١)ی

---

٥٩/ ثانياً ) من الدستور إصدار القرار الأتي : ١. السماح لطلبة الصفوف المنتهية بمنحهم فرصة أداء امتحان الدور الثالث . ٢. السماح لطلبة الصف السادس الإعدادي بمنحهم فرصة تحسين المعدل . د. سليم عبد االله الجبوري رئيس مجلس النواب).

* ماددەی (٥٩) لە دەستوری هەمیشەیی ساڵی ٢٠٠٥ دەڵێت:(ثانيا : تتخذ القرارات في جلسات مجلس النواب بالاغلبية البسيطة،بعد تحقق النصاب، مالم ينص على خلاف ذلك).

ماددەی (٥٦) ی یاساکە تەنها ئامـاژەی بـۆ ئەوە کـردوە کە پەرلەمـانی کوردســتان تایبەتمەنـدی(یاســادانان)ی[١] هەیە بەبـێ ئەوەی رونــی بکـاتەوە مەبەسـت لە یاسـادانان چیە، هەربـۆیە لە رێـگەی پەیـڕەوی نــاوخۆوە، پەرلەمـــان ئەم تایبەتمەنـــدیەی بەخشــیوەتە خــۆی ، لە پەیڕەوی ناوخۆی پێشوی پەرلەمان کە لە ساڵی ١٩٩٢ دەرچوە لە خاڵی (١) مـــاددەی (٧١)دا ئەم تایبەتمەنـــدیەی بۆخـــۆی بڕیـــارداوەو[٢] ، لەپەیـڕەوی بەرکـاریش کە لە سـاڵی ٢٠١٨ دەرچـوە لە مـاددەی (١) و مــاددەی (٧٧)دا جــارێکی دیــکە ئەم تایبەتمەنــدیەی بەخشــیوەتە بەخۆی[٣] .

### ب- بڕیاری پەرلەمانی (القرار البرلماني)

ئەو بڕیارانەن کە لە هـۆڵی پەرلەمـان و بە دەنگدان دەردەچـوێنرێن و ،پەرلەمانی کوردستان لەدەرەوەی تایبەتمەندی یاسادانان پیـادەی ئەم

---

١ یاســای هەلبژاردنــی پەرلەمــانی کوردســتان ژمــارە (١)ی ســاڵی ٢٠٠٥،لە مــاددەی پەنجاوشەشـەم خـاڵی(١)یـدا هـاتوە( پەرلەمـان ئەم ئەرك و دەسـەڵاتەنی خـوارەوە جێبەجێدەکات...١- یاسادانان.

٢ پەیـڕەوی نـاوخۆی پێشـو کە لەسـاڵی ١٩٩٢ دەرچوێنـدراوە لە مـاددەی(٧١) خـاڵی (١)یـدا هاتوە :(ئەنجومەنی وەزیـران یـان کەمتـر نەبێـت لە دە ئەنـدام پەرلەمـان بۆیـان هەیە پرۆژە یاسا و بڕیـار پێشـنیار بـکەن و پەرلەمـانیش گفتوگۆییاسـا یـان بڕیـارەکە ناکـات پێش ئەوەی لێژنەی تایبەتمەند تێروانینی بۆ بکات....).

٣ پەیــڕەوی نــاوخۆی بەرکـاری هەمـوارکراوی پەرلەمـانی کوردسـتان، کە لە سـاڵی ٢٠١٨ دەرچوێنراوە ، لە ماددەی (١)یدا هاتوە : (...پێشنیازی یاساو بڕیار : ئەوپێشنیازی یاساو بڕیارانەن کە لانیکەم لە لایەن (١٠) دە ئەندامی پەرلەمان، پێشکەش دەکرێن).

تایبەتمەندیەی دەکات واتا ئەمجۆرە بڕیـارانە سروشـتی یاسـادانانیان نـیە. ئەمجـۆرە بڕیـارانە هەمـان ڕێککارەکـانی یاسـاکاری بەسـەردا جێبەجێناکرێـــت و تەنـــانەت دەرچواندنیشـــی لەلایەن ســـەرۆکی هەرێمەوە نابێت،ئەمجۆرە بڕیـارانەش دابەش دەبێـت بـۆ دوو جـۆری سەرەکی بەم شیوەیە:

١-ئەو بڕیارانەی تایبەتن بە هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم ، پێدانی متمـانە بە سـەرۆك و ئەنـدامانی ئەنجـومەنی وەزیـران، هەلبـژاردن و پەسندکردنی کەسانی پاڵێوراو بۆ هەندێك لە پۆستە باڵاکان، هەروەها متمـانە لێـوەرگرتنەوەو لادانـی هەریەك لەو کەسـانە لە پۆسـتەکانیان بەهەمان ئەو جۆرە بڕیارانە دەبێت، بۆ نمونە بڕیاری ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٩ کە تـایبەتە بە هەڵبژاردنـی بەرێـز (نێچیرڤـان مصطفی بـارزانی) وەك سەرۆکی هەرێم[1].ئەم تایبەتمەندیەشـی پاڵپشـت بە خـاڵی (٥)لە بـڕگەی یەکەم لە مـاددەی (٤) یاسـای ژمـارە (١)ی سـاڵی ٢٠١٩ پیـادە کردوە[2]. هەروەها بڕیاری ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١٩ کە تایبەتە بە پێدانی

---

١ دەقی بڕیاری ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٩:( پشـت بە حوکمەکـانی..... پەرلەمـانی کوردسـتان لە رۆژی (٢٠١٩\٥\٢٨) بڕیاری ئەمەی خوارەوەیدا: یەکەم: هەڵبژاردنی رێزدار ( نێچیرڤـان ادریس مصطفی بارزانی) بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان-عیراق. دووەم: ئەمبڕیارە لە رۆژی(٢٠١٩\٥\٢٨)ەوە کاری پـێ دەکرێـت ولە رۆژنـامەی فەرمـی وەقـایعی کوردسـتاندا بڵاو دەکرێتەوە

٢ یاسای کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عیـراق وهەمـواری شـێوازیهەڵبژاردنی سـەرۆك ژمـارە (١) ی سـاڵی ٢٠١٩ ، لە خـاڵی (٥) بـڕگەی یەکەم لە مـادەی (٤)یـدا هـاتوە (سـەرۆکی هەرێـم لە دەنگـدانێکی ئاشـکراو بە دەنگـی زۆریـنەی

متمــانه به كــابينەی نــوێیەمی وزاری هەرێمـــی كوردســـتان[1]، ئەم بڕیارەشی پاڵپشت بە بڕگە (٤)ی ماددەی (٥٦)ی یاسای ١مارە (١)ساڵی ١٩٩٢ ی هەمواركراو دەركردوە[2]. بەهەمان شێوە بڕیاری (٣١) ی ساڵی ٢٠١٤ سەبارەت بە متمانەدان بە ئەندامانی ئەنجومەنی كۆمسیاران لە كۆمســیۆنی بــاڵای ســەربەخۆی هەڵبژاردنەكــان و راپرســی[3] ،ئەم بڕیارەشــی پاڵپشــت بە بــڕگەی (یەكەم\١)ی مــاددەی (٥) یاســای كۆمسیۆنی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٤ دەركردروە[4] .

---

رەهای ئەندامانی پەرلەمان لە ماوەی(٣) لە رۆژی دەركردنی بڕیاری بنبڕ لەسەر تانەكان هەڵدەبژێردرێت.

١ بڕییاری ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١٩ : (پشت بە حوكمی .....پەرلەمانی كوردستانلە دانیشتنی ئاسایی ژمارە(١٣)ی رۆژی٢٠١٩\١٠\٧ ئەم بڕیارەی خوارەوەیدا: یەكەم : متمانەدان بەو بەڕیزانەی ناویان لە خوارەوە هاتوە بۆپڕكردنەوەی پۆستەكانی كابینەی نوێیەمی وزاری هەرێمی كوردستان بەمشێوەیەی لە خوارەوە هاتوە ........، دووەم: ئەم بڕیارە لە رۆژی سوێند خواردنی یاساییانەوەلە رێكەوتی٢٠١٩\٧\١٠ ەوە جێبەجێدەكرێت و لە رۆژنامەی فەرمی وەقایعی كوردستان بڵاو دەكرێتەوە ).

٢ یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان ژمارە(١) ی ساڵی ١٩٩٢ ی هەمواركراو لە بڕگەی (٤) ماددەی (٥٦)یدا هاتوە : (پەرلەمان ئەم ئەرك و دەسەڵاتانەیخوارەوە جێبەجێ دەكات ....٤- متمانەدان بە دەسەڵاتی جێبەجكردن، یان لێسەندنەوەی).

٣ بڕیاری ژمارە (٣١)ی ساڵی ٢٠١٤ بەمشێوە هاتوە : ( پاڵپشت بە حوكمی ..... پەرلەمانی كوردســتان لە دانیشــتنی ژمــارە (١٤) ی رۆژی ٢٠١٤\١\٣ ئەم بڕیارەیــدا....... یەكەم: متمانەدان بە هەریەك لەم بەرێزانەی خوارەوە وەك ئەندامی ئەنجومەنی كۆمسیاران لە كۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەكان و راپرسی ...........،دووەم:ئەم بڕیارە لە رۆژی دەرچونی لە ٢٠١٤\١٢\٣ەوە جێبەجێ دەكرێت و لە رۆژنامەی فەرمی وەقایعی كوردستانیشدا بڵاو دەكرێتەوە).

٤ یاسای كۆمسیۆنی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٤ ، لە برگەی(یەكەم\١) ی ماددەی (٥)یدا هاتوە : (ئەنجومەنی كۆمسیاران : لە (٩) ئەندام پێك دێت كە لەلایەن پەرلەمانەوە بە زۆرینەی

ئەمجـــۆرە لە بڕیـــارە پەرلەمانیەکـــان هەرچەنـــدە لە روی دەرچوانـــدنەوە هەمـــان ئەو رێککـــارانەی بـــۆ نـــاگیرێنە بەر کە لە دەرچواندنی یاسایەك یان بڕیارە یاسایەك پیادە دەکرێت، هەروەها لە روی ناوەرۆکیشـەوە بەهەمـان شـێوەی یاسـاو بڕیـارە یاسـا، رێسـای یاســایی (القاعــدة القانونیــة) لەخۆناگرێــت، بەڵام لە روی هێــزی پابەنـدیەوە هەمـان هێـزی پابەنـدی یاسـایەك یـان بڕیـارە یاسـایەکی هەیە.

٢-ئەو بڕیارانەی کە بۆ رێکخستنی کاروباری ناوخۆیی، پەرلەمـان دەریان دەکات: ئەوانیش جۆری دووەمی بڕیـارە پەرلەمانیەکـان پێـك دەهێنن، کە پەرلەمان بۆ رێکخستنی کاروبارە ناوخۆییەکـانی پەنایـان بـۆ دەبـات ،بـۆ نمـونە بڕیـاری دانـانی ئەنـدامانی پەرلەمـان لە لیـژنە هەمیشـەییەکان وەکـو بڕیـاری ژمـارە (٢) ی سـاڵی ٢٠١٩ کە تیایـدا ئەندامانی لیژنەی یاسایی دیاریکردوە [1]. یـان ئەو بڕیـارانەی تـایبەتن

---

رەهــای ئەنــدامانی هەڵــدەبژێردرێن دوای ئەوەی لەلایەن لیژنەیەکــی تــایبەتەوە کە پەرلەمان پێکی دەهێنێ و پێشنیاز دەکرێن ،بەمەرجێك دوو ئەندامی بەلایەنی کەمەوە یاساناس بن و هەروەها دەبێ نوێنەرایەتی ئافرەتـان و پێکهاتەکـان مسـۆگەر بکـرێ و ، ماوەی کارکردنی ئەنجومەنەکەش (٥) ساڵی رۆژمێرییە).

١ بڕیاری ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٩ تیایـدا هـاتوە : ( پشـت بەسـتن بە حـوکمی .... پەرلەمـانی کوردسـتان لە دانیشـتنی نـا ئاسـایی ژمـارە (١) لە رێکەوتـی ٢٠١٩\٢\٢٦ بەسـترا ئەم بڕیـارەی خوارەوەیـدا : یەکەم : لیـژنەی کاروبـاری یاسـایی پێـك دێـت لە ئەنـدامانی پەرلەمان کە ناویان لە خوارەوە هاتوە ..... دووەم: پێویستە ئەندامانی لیـژنە (سـرۆك و جێگــر و بڕیـــاردەر ) هەڵبژێـــرن. ســـێیەم: ئەم بڕیـــارە لە رۆژی (٢٠١٩\٢\٢٦)ەوە بە

به پێکهێنـانی لیـژنە تایبەتیەکـان لە پەرلەمـان کە بـۆ بەدواداچـونی بـابەتێکی دیـاریکراو پێکـدەهێنرێن، وەکـو بڕیـاری ژمـارە (٨)ی سـاڵی ٢٠٢٠ کە بـــۆ بەدواداچـــونی راســـتی و دروســـتی هەڕەشـــەکردن لە ئەنـدامێکی پەرلەمـان پێکهـاتوە [1]. هەروەهـا ئەو بڕیـارانەی کە بـۆ رێکخسـتنی دانیشـتەکانی پەرلەمـان دەردەچوێنرێن ، وەکـو بڕیـاری ژمارە (٨)ی سـاڵی ٢٠١٩ ی تـایبەت بە درێژکـردنەوەی خـولی بەهـارەی پەرلەمـان دەرکـراوە [2]. ئەمجـۆرە بڕیـارانەش لە روی رێککارەکـانی دەرچوانـدنەوە هاوشـێوەی بڕیارەکـانی هەڵبـژاردن و متمـانە پێـدانی بەرپرسان جیاوازن لەو رێککارانەی بۆ بڕیارە یاساکان دەگیرێنە بەر و بە هەمـــان شـــێوەش ئاراســـتەی ســـەرۆکی هەرێـــم نـــاکرێن بـــۆ دەرچواندنیان بەڵام لە روی هێزی پابەندیەوە هەمـان هێـزی پابەنـدی

جێبەجێکـراو دەژمێردرێـت. چـوارەم: ئەم بڕیـارە لە رۆژنـامەی فەرمـی وەقـایعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە ).

١ بڕیاری ژمارە (٨) ی ساڵی ٢٠٢٠ تیایدا هاتوە : (پشت بە حوکمی ..... بڕیارماندا بە : یەکەم : پێکهێنـانی لیژنەیەکـی کـاتی لەم بەڕێـزانەی خـوارەوە ، بـۆ بەدواداچـون لە وتەکـانی ............... دووەم : ئەم بڕیـارە لە رۆژی دەرچـونی لە (٢٠٢٠\٩\٩) جێبەجێـدەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستاندا بڵاو دەکرێتەوە).

٢ بڕیـاری ژمـارە (٨)ی سـاڵی ٢٠١٩ تیایـدا هـاتوە : ( .... پەرلەمـانی کوردسـتان لە دانیشـتنی ئاسـایی ژمـارە (٩)ی رۆژی (٢٠١٩\٦\٣٠) ئەم بڕیـارەی خوارەوەیـدا : ( یەکەم: خـولی بەهارەی ساڵی یەکەم لە خولی هەڵبژاردنی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان – عیـراق لە ٢٠١٩\٦\٣٠ کۆتـــایی پێـــدێت ، درێژدەکـــرێتەوە تـــا ٢٠١٩\٧\١٥.دووەم: پێویســـتە ســـەرۆکایەتی پەرلەمـان ئەم بڕیـارە جێبەجـێ بکـات . سـێیەم : ئەم بڕیـارە لە رۆژی ((٢٠١٩\٧\١)ەوە جێبەجێ دەکرێت و ،لە رۆژنـامەی فەرمـی وەقـایعی کوردسـتاندا بـڵاو دەکرێتەوە ).

یاسای ئاسایی و بڕیارە یاسایان هەیە، بۆ نمونە ئەگەر تەنها لە بـڕگەی سـێیەمی مـاددەی (٤٤) ی پەیـڕەوی نـاوخۆ وردبیـنەوە بۆمـان دەردەکەوێت چۆن بڕیاري پێکهێنانی لیژنەیەکی تـایبەت پابەنـدی بـۆ دەسـەڵاتی جێبەجێکـردن دروسـت دەکـات و لەوەش زیـاتر لە کـاتی پابەنــد نەبــون بە پێشکەشــکردنی ئاســانکاری چــۆن روبەڕوی لێپرسینەوەی یاسایی دەبێت [1].

## ٣- خاڵەکـانی لێکچـون و لێکجیـاوازبونی نێـوان یاسـا و بڕیـارە یاسا

### أ- خاڵەکانی لێکچوون:

ڕەنگە خاڵەکانی لێکچونی نێوان یاسـا و بڕیـارە یاسا زۆر زیـاتر بـن لە خاڵەکانی لێکجیاواز بوون بەمشەوەیەی خوارەوە :

- لەروی ناوەرۆکەوە ، بڕیارە یاسا هاوشێوەی  یاسا، بـابەتێکی دیاریکراو لەسەر شێوازی ڕێسایەکی یاسایی دارێژراو(قاعدة قانونية مجردة) ڕێکـدەخات، واتـا حـوکمێکی یاسـایی لەخـۆی دەگرێت سەبارەت بە بابەتێکی دیاریکراو.

---

١ پەیڕەوی ناوخۆی هەموارکراوی بەرکاری پەرلەمانی کوردستان ، لە مـاددەی (٤٤) بـڕگەی سێیەمیدا هـاتوە : ( ١- بەپێـی ئەورێوشـوێنانەی لەم پەیـڕەوەدا دەقنوسـکراوە ، لیـژنە تایبەتیەکـان دەتـوانن بە نوســراو داوای ئامــادەبونی هەر کەس و لایەنێــك بــکەن بەمەبەستی ڕاوەرگرتن و گوێ بیستبونی وتەکانیان . ٢- ئەگەر کەس و لایەنی بانگکراو بێ پاساو لە کاتی دیاریکراودا ئامـادە نەبـوو،ئەوا لێـژنە دەتوانێـت لە ڕێـگەی دەسـتەی سەرۆکایەتیەوە ، دەسەڵاتی جێبەجێکردن ئاگادار بکاتەوە ، بەمەبەسـتی ئامـادەکردنی داوالێکراو بە گوێرەی یاسا بەرکارەکان).

- له رووی هێــزی پابەنــدیەوه : بڕیــاره یاســا هەمــان هێــزی پابەنــدکاری یاســایەکی ئاســایی هەیە، واتــا یاســا بەروی هەرکەس و لایەنێـك پابەنـدی دروسـت بکـات ، ئەوا بڕیـاره یاساش به هەمانشێوەی پابەندی بۆ دروست دەکات.
- لەروی رێککارەکـانی دەرچوانــدنەوه : دەرچوانــدی بڕیــاره یاسـایەك له پەرلەمـانی کوردسـتان هەمـان ئەو رێککـارانەی یاسـادانانی بـۆ دەگیـرێته بەر که بـۆ دەرچوانـدی یاسـایەکی ئاسـایی دەگیــرێنه بەر، هەر لەسـەرەتای دەسـت پێکردنـی پرۆسەکه ، که به دەستپێشـخەری یاسـادانان دەسـتپێدەکات تا قۆناغەکانی خوێندنەوەی یەکەم ، گفتوگۆکانی نـاو هـۆڵی پەرلەمان ، نوسینی راپۆرتی لیژنەکان ، تا دەگات به دەنگدان که هەمان رێـژەی یاسـایی دەنگی ئەنـدامانی بـۆ یاسـایەکی ئاسایی پێویسته.
- دەرچواندنی لەلایەن سەرۆکی هەرێم: هەروەك چۆن دەبێت یاســایەکی ئاســایی بنێردرێــت بــۆ ســەرۆکی هەرێــم به مەبەستی دەرچواندنی، هەمـان رێککـاریش بـۆ یڕیـاره یاسـا پەیــڕەو دەکرێــت ، هەروەهــا ســەرۆکی هەرێــم چــۆن تایبەتمەنـدی گەڕانـدنەوەی یاسـایەکی هەیه بـۆ پەرلەمـان پێش دەرچوانـدنی له مـاوەیەکی دیـاریکراودا، ئەگەر هـاتوو تێبینـی لەسـەری هەبـوو ، هەمـان تایبەتمەنـدی و دەسـەڵاتی هەیه بۆ بڕیاره یاسایەك.

- بڵاوکـردنەوەی بڕیـارە یاسـا لە رۆژنـامەی فەرمـی وەقـایعی کوردسـتان بە هەمـان رێککـارو مەبەسـتی بڵاوکـردنەوەی یاسایەکی ئاسایی دەبێت.

بۆ نمونە، بڕیارە یاسـای ژمـارە (٤)ی سـاڵی ٢٠٠٩ کە لە دانیشتنی ژمـارە (٦)ی رۆژی ١٥\٤\٢٠٠٩ دەرچـوێنراوە، تـایبەتە بە پێـدانی دەسەڵات بە سەرۆکی هەرێم بۆ دیـاریکردنی کـاتی ئەنجامـدانی هەڵبژاردنەکانی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان ، کاتێك لە دیباجەی بڕیـاری دەرچوانـدنی سـەرۆکی هەرێـم ورد دەبیـنەوە، دەبینـین ئامـاژە بەوە دەکـات پاڵپشـتی بەو یاسـاکارییەی کە پەرلەمـان کردویەتـی بـۆ ئەم بڕیـارە یاسـایە، بڕیاریـداوە بە دەرکردنـی بڕیـاری ژمـارە(٤)ی سـاڵی ٢٠٠٩ [1].هەڵـبەتە لەروی ناوەرۆکیشـــەوە رونە کە ئەم بڕیـــارە یاســـایە، بەدەر لە حوکەمەکـانی یاسـای سـەرۆکایەتی هەرێـم ،دەسـەڵاتێکی

١ بڕیاری ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٩،کە تیایـدا هـاتوە ( ..... پەرلەمـانی کوردسـتان لە دانیشـتنی ژمارە (٦) ی رۆژی ١٥\٤\٢٠٠٩ ی خۆیدا ، بڕیاریدا بە دەرچواندنی ئەم بڕیارەی خـوارەوە : یەکەم: بەدەر لە حـوکمی مـاددەی(دەیەم\دووەم) لە یاسـای سـەرۆکایەتی هەرێـم ژمـارە(١)ی سـاڵی ٢٠٠٥ی هەمـوارکراو ،دەسـەڵات بە سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان دەردرێ کـاتی ئەنجامـدانی هەڵبژاردنەکـانی خـولی سـێیەمی پەرلەمـانی کوردسـتان-عیراق دیاری بکات و بانگهێشتی بۆ بکات پاش تەواو بـونی پێداویسـتیە کردەنیەکـانی هەڵبژاردن لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکـانەوە . دووەم: پێویسـتە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکـانی ئەم بڕیـارە جێبەجـێ بـکەن. سـێیەم: ئەم بڕیـارە لە رۆژی دەرچـونیەوە جێبەجـێ دەکـرێ و لە رۆژنـامەی فەرمـی وەقـایعی کوردستان بڵاو دەکرێتەوە ).

بەخشیوەتە سەرۆکی هەرێم، واتا بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ هەمواری یاساکەی کردوە، ئەمەش دەیسەلمێنێت کە کەهەمان هێزو پابەندی یاسایەکی ئاسایی هەیە چونکە یاسای ئاسایی بە یاسایەکی هاوشێوەی یان بەرزتر لەخۆی هەموار دەکرێتەوە .یان بڕیاری دیاریکردنی رۆژانی بۆنە فەرمیەکانی پێکهاتەی تورکمان لە هەرێمی کوردستان کە بە بڕیارە یاسای ژمارە(١)ی ساڵی ٢٠٢٠ دەرچوێندراوە [١].

## ب- خاڵەکانی لێکجیاواز بوون:

بێگومان لە پاڵ بوونی خاڵەکانی لێکچوون لە نێوان یاسا و بڕیارە یاسا بە هەمانشێوە خاڵی لێکجیاوازیش بونی هەیە ئەگەرچی رێژەکەی کەمتریش بێت، بەمشێوەیەی خوارەوە

- لایەنی تایبەتمەند بە پێشنیار کردنی : لە پەیڕەوی ناوخۆی بەرکاری پەرلەمانی کوردستان کە لە ساڵی ٢٠١٨ دەرچوە ، تایبەتمەندی پێشنیار کردنی بڕیارە یاسا بە شێوەیەکی

١ بڕیارە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٠ کە تیایدا هاتوە : ( پشت بە حوکمەکانی ...... پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە(١٣) ی رۆژی ١٢\١\٢٠٢٠ ئەم بڕیارەی خوارەوەیدا: ( یەکەم: ئەم بۆنانەی خوارەوە بە بۆنەی فەرمی بۆ پێکهاتەی تورکمان دادەنرێت : ١- (١٧)ی مانگی (١١)ی هەموو ساڵێك بە رۆژی زمان و کەلتوری پێکهاتەی تورکمان دادەنرێت. ٢- (٢٥)ی مانگی (٢)ی هەمووساڵێك بە رۆژی رۆژنامەگەری پێکهاتەی تورکمان دادەنرێت.٣- پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنی پەیوەندیدار ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن.٤- ئەم بڕیارە لە رۆژی دەرچونیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستان بڵاو دەکرێتەوە ).

ڕەهاو و بێ کۆت و بەند بەخشراوە بە ئەندامانی پەرلەمان، لە پاڵ ئەوەش بە شێوەیەکی مەرجدار ئەو تایبەتمەندیە بەخشراوە بە سەرۆکی هەرێم، ئەویش لە سنوری ڕێکخستنی کاروبارەکانی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم، لە کاتێکدا پێشنیارکردنی یاسا چۆن بەخشراوەتە ئەندامانی پەرلەمان ئاوەهاش بەخشراوەتە ئەنجومەنی وەزیران، هەڵبەت لێرەدا دەبێت ئاماژە بەوە بکەین لە پەیڕەوی ناوخۆی پێشوی پەرلەمانی کوردستان بەمشێوەی ئێستا نەبوو ، بەڵکو ئەنجومەنی وەزیران و ئەندامانی پەرلەمان هەردوکیان تایبەتمەندی پێشنیارکردنی بڕیارە یاسایان پێبەخشراوە بۆ پەرلەمان.

- ڕێکخستنی ڕەهەندە جیاوازەکانی بابەتی ڕێکخراو: هەرچی یاسایە کاتێك بابەتێك ڕێکدەخات، دەتوانرێت هەموو ڕەهەندە جۆراو جۆر و فراوانەکانی تێدا ڕێکبخرێت ، لە هەمانکات دەشتوانرێت بەشێکی یان لایەنێکی دیاریکراوی بابەتێکی تیادا ڕێکبخرێت،بەڵام بڕیارە یاسا تەنها یەك لایەن یان لە باشترین حاڵەتیدا چەند لایەنێکی کەمی بابەتێکی تیادا ڕێکدەخرێت، هەرچەندە دەقێکی یاسایی نیە کە یاسادانەر بەوە پابەند بکات، بەڵام بەدرێژایی میژووی یاسادانان لە هەرێم، یاسادانەر بەمشێوەیە پەیڕەوی کردوەو لە ئێستادا بۆتە عورفێکی پەرلەمانی ڕێزلێگیراو ، ئەگەر

سەرنجی بڕیارە یاساکان بدەین کە لەپەرلەمانی کوردستان دەرچـــوون، ئەوا بە زەقـــی درك بەو راســـتیە دەکەیـــن کە یاسادانەر لە هەرێمی کوردستان تەنها لەو کاتانە پەنـای بـۆ دەرکردنی بڕیارە یاسا بردوە کە ویستویەتی یەك لایەن یـان چەند لایەنێکی کەمی بابەتێك بە یاسادانان رێکبخات.

## دووەم : پرۆژەی یاسا و پێشنیازی یاسا

لە پێشەکی ئەم توێژینەوەیەدا ئاماژەمان بەوەدابوو لە پەیڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی بەرکـار کە لە سـاڵی (٢٠١٨) لەلایەن پەرلەمـانەوە دەرچـوێنرا ، جیـاواز لە پەیـڕەوی پێشـوو کە تەنهـا پـرۆژە یاسـا یـان پرۆژە بڕیارمان هەبوو ، دەستپێشـخەری یاسـادانانی دابەش کـرد بـۆ دوو جۆری سەرەکی ، ئەوەی لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە پیادە دە کرێن چەمکی (پێشنیازی) بۆ بەکار هێناون ، وەك پێشنیازی یاسـا یـان پێشـنیازی بڕیـارە یاسـا ، بەڵام ئەوانەی جـگە لە ئەنـدامانی پەرلەمـان واتە لە دەســـەڵاتی جێبەجێکـــردن و دەســـەڵاتی دادوەری و دەســـتە سەربەخۆکانەوە پیادە دەکرێن، چەمکی (پرۆژە)ی بۆ بەکـار هێنـاون ، وەك پرۆژەی یاسا یان پرۆژەی بڕیارە یاسا ، بێگومان ئەم دابەشـکردن و پـۆلێن کـردنە هەر لە سـنوری بەکارهێنـانی دوو چەمکـی جیـاواز نەوەستاوە، بەڵکو لە رێککارەکانی پیادەکردنیشیاندا جیاوازی زۆریـان هەیەو ، ئەمەش وایکـرد لەم خـولەدا جۆرێـك لە ئـاڵۆزی تێگەیشـتن دروســـت بێـــت ســـەبارەت بە چـــۆنیەتی پیـــادەکردنی هەریەك لەو

تایبەتمەنـدیانەو، میـدیاکاران و ئەوانەی گرنگـی دەدەن بە پرۆسـەی یاسادانان لە هەرێم و تەنانەت خودی ئەندامانی پەرلەمانیش زۆر جار لە بەکارهێنانیان توشی لێ تێکەڵ بوون دەبن، بۆیە لەو بەشەدا هەوڵ دەدەیـن کە بە وردی تەواوی ئەو خـاڵە جیـاواز و لێکچـوانەی هەردوو جـۆرە سـەرەکیەکی دەستپێشـخەری یاسـادانان بخەیـنە روو ، گـرنگە لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین کە بەکارهێنانی  چەمکی (پرۆژەی یاساو ) و (پێشنیازی یاسا) بە تەنها لە کاتی بەراودکاریەکەدا بۆ کورت نوسـینە ، ئەگینـا (پـرۆژەی بڕیـارە یاسـا ) و( پێشـنێیازی بڕیارەیاسـا) هەمـان خاڵەکانی لێکچون و جیاوازیـان هەیە ، نـاو نەهێنانیـان تەنها بـۆ خـۆ بواردنە لە دوبارە بونەوەیەك کە رەنگە خوێنەر بێزار بکات.

## ١.  خاڵەکانی لێکچونی پرۆژە یاسا و پێشنیازی یاسا

بۆ ئەوەی بە شـێوەیەکی ورد خاڵەکـانی لێکچـونی نێـوان پـرۆژە یاسـاو پێشـنیازە یاسـا بخەیـنە روو هەوڵـدەدەێن لە چەنـد رەهەنـدو روانگەیەکەوە بەراوردکاریەکە بکەین:

### أ-   هێزی پابەندی:

هەریەکە لە پرۆژە یاسا و پێشنیازە یاسا هەمان هێزی پابەندیان هەیە لە کــاتی جێبەجێکردنــدا بــۆ هەمــوو دەســەڵاتە گشــتیەکان و دامەزراوەکــانی هەرێــم بە هاوڵاتیانیشــەوە . بەو واتــایەی ئەگەر یاســایەك لە بەرەنجــامی دەستپێشــخەری ئەنــدامانی پەرلەمــان

(پێشنیازی یاسا)وە هاتە بـوون، ئەوا دەسـەڵاتە گشـتیەکانی هەرێـم و هاوڵاتیـان لەبەردەم جێبەجێکردنیـدا هەمـان پابەنـدیان هەیە کە بـۆ یاسایەك ژێرباری دەبن کە لە بەرەنجامی دەستپێشـخەری لایەنەکـانی دیکەوە جگە لە ئەندامانی پەرلەمان(پرۆژە یاساوە)وە هاتبێتە بوون.

**ب- قۆناغەکانی گفتو گۆ و دەنگدان:**

پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمـان لە میـانەی ماددەکـانی (٨٣) تـاوەکو (٩٣) قۆناغەکـانی گفتوگـۆ و دەنگـدانی بە وردەکـاری رێککاریەکـانیەوە دەقنوسکردوە هەر لە خوێندنەوەی یەکەم کە تیایدا دەقی پرۆژە یاسا یـان پێشـنیازی یاسـا دەخـرێتە روو ئاراسـتەی لیـژنە تایبەتمەنـدەکان دەکرێت ، خوێندنەوەی دووەمـیش کە راپـۆرتی لیـژنەی تایبەتمەنـدی راستێنراو لەلایەن لیژنەی یاساییەوە سەبارت بە پرۆژە یان پێشنیازی یاسا دەخرێتە روو، هەروەها بریـاری پەرلەمـان لەوەی خـودی پـرۆژە یــان پێشـنیازی یاسـاکە یـان راپـۆرتی لیـژنەی تایبەتمەنـد بە بنەمـا دادەنرێـت بـۆ گفتوگـۆ و وردەکـاری گفتوگۆکـانی ئەنـدامانی تیـادا رێکخـراوە تـا دەگـات بە خوێنـدنەوەی سـێیەم کە تەرخـان کـراوە بـۆ دەنگـدان لەسـەر پـرۆژە یـان پێشـنیازی یاسـاکە ، پـرۆژەی یاسـا و پێشـــنیازی یاســـا هاوشـــێوەی یەکتـــر ، رێککارەکـــانی هەر ســـێ دانیشـتنەکانی خوێنـدنەوەی یەکەم و دووەم و دانیشـنی دەنگـدانیان بەسەردا جێبەجـێ دەبێـت. بـۆ نمـونە لە مـاددەی (٨٣) بـڕگەی دووەم ئامـاژە بەوە دەکـات کە هەریەکە لە پـرۆژە یـان پێشـنیازی ئاراسـتەی

لیژنەکـانی تایبەتمەنـد دەکـرێن بە بـێ ئەوەی هـیچ جیاوازیەکیـان لە نێوانـدا بکـات [1]، ئامـادەکردنی راپـۆرتی لیژنەلەسـەر پـرۆژە یـان پێشـنیازە یاسـاکە لە مـاوەی (٢١) رۆژ [2]، یـان وادەی ئەنجامـدانی دانیشـتنی دەنگـدان لەسـەر پـرۆژە یـان پێشـنیازی یاسـاکە بەهەمـان شێوە چۆنیەکن [3].

**ت- دوبارە دارشتنەوە:**

لیـــژنە تایبەتمەنـــدەکانی پەرلەمـــان دەســـەڵاتی ســـەرلەنوێ دارشتنەوەی پرۆژە یاسا و پێشنیازی یاسایان هەیە بەبـێ ئەوەی هـــیچ جیاکـــاریەك کرابێـــت بەهـــۆی ئەوەی پـــرۆژە یاســـا لە دەسەڵاتێکی ترەوە ئاراستەی پەرلەمان کراوە هەر وەك لە مـاددە (٨٧) بڕگەی دووەم ئاماژەی پێکراوە [4].

١ پەیڕەوی ناوخۆی هەموارکراوی بەرکار ی پەرلەمـانی کوردسـتان لە مـاددەی (٨٣) بـڕگەی دووەمیدا هاتوە : (ئەگەر پرۆژەکە یان پێشنیازەکە لە تایبەتمەندیی زیـاتر لە یەك لیـژنە بـوو، دەسـتەی سـەرۆکایەتی، بەهەمـاهەنگی، لەگەڵ لیـژنەی یاسـایی، بریـار دەدات بە بەشکردنی پرۆژە یان پێشنیازەکە و ناردنی هەر بەشەو بۆ لیژنەی تایبەتمەند، لیـژنەش تەنیا لە سەر ئەو بەشە راپۆرت ئامادە دەکات کە ئاڕاستەی کراوە).

٢ پەیڕەوی ناوخۆی هەموارکراوی بەرکار ی پەرلەمانی کوردسـتان لە مـاددەی (٨٤) بـڕگەی یەکەمیـدا هـاتوە : (دەبێـت لیـژنەی تایبەتمەنـد، لە مـاوەی (٢١) بیسـت و یەك رۆژدا، راپۆرتی خۆی، لەسەر پڕۆژە، یان پێشنیازی یاسا و بڕیارەکان، ئامادە بکات)

٣ پەیڕەوی ناوخۆی هەموارکراوی بەرکار ی پەرلەمانی کوردسـتان لە مـاددەی (٨٤) بـڕگەی یەکەمیـدا هـاتوە : (دانیشـتنی دەنگـدان، لە سـەر پـرۆژە، یـان پێشـنیازەکە، نابێـت لە هەفتەیەك زیاتر لە دوای دانیشتنی خوێندنەوەی دووەم تێپەر بکات).

٤ پەیڕەوی ناوخۆی هەموارکراوی بەرکار ی پەرلەمانی کوردسـتان لە مـاددەی (٨٧) بـڕگەی دووەمیـدا هـاتوە: (ئەگەر راپـۆرتی لیـژنەی تایبەتمەنـد، دارشـتنێکی نـوێی پێشـنیاز

**ث- پێشنیاری زیاد کردن، هەموار، یان لادانی بڕگەو مادەکان:**

پەیــڕەوی نــاوخۆ بە شــێوەیەکی چــۆنیەك مــافی داوەتە ئەنــدامی پەرلەمــان پێشــنیاری زیــاکردن ، هەمــوار یــان لابردنــی هەر بــڕگەو مــاددەیەکی پــرۆژە یاســا و پێشــنیازی یاســا بکــات بەو مەرجەی پشتیوانی سێ پەرلەمانتاری هەبێت، تەنانەت لە خستنە دەنگدانیشدا لەپێشــینەیی پێــدراوە ،بەو واتــایەی رای ئەنــدامان لەســەر بــڕگەو ماددەکە پێش دەقی راپۆرتی لیژنە یان خودی پرۆژەو پێشنیازی یاسا پێشنیارکراوەکە دەخرێتە دەنگدانەوە [1].

**ج- خستنە روی رای وەزیری پەیوەندیدار:**

لە دانیشتنی دووەم کە تایبەتە بە گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژە یاسا یان پێشــنیازە یاســا یــان راپــۆرتی لیــژنەی تایبەتمەنــد کەســەبارەت بەهەریەکێکیان ئامادە کراوە ، ئەگەر وەزیـری پەیوەندیـدار ئامـادەی گفتوگۆکان بوو ئەوا دەتوانێت رای خۆی لەسەر هەر مـاددەیەك بـدات کە بە پێویستی بزانێت، جا گفتوگۆکان لەسەر پرۆژە یاسایەك بێت کە دەسەڵاتی جێبەجێکردن ناردبێتی یان پێشـنیازە یاسـایەك بێـت کە لە

---

کردبێت بۆ پرۆژە یان پێشنیازەکە، بەدەنگدان بڕیار لە سەر وەرگرتنـی ئەو دارشـتنە بە بنەما بۆ گفتوگۆکردن دەدرێت).

١ پەیڕەوی ناوخۆی هەموارکراوی بەرکار ی پەرلەمـانی کوردسـتان لە مـاددەی (٩١) بـڕگەی سێیەمیدا هاتوە: (لە خستنە دەنگدانی رایەکان پێویستە ئەو ڕایەی دەخرێتە دەنگـدان بەلایەنی کەم (٣) سێ ئەندام پشتگیریی ڕایەکە بکات، جگە لەو (٢) دوو ئەندامەی بـۆ ئاخاوتن دەکەونە رێزبەندی کۆتایی).

لایەن ژمـارەی یاسـایی ئەنـدامانی پەرلەمـانەوە پێشـنیار کرابێـت، هەروەك لە ماددەی (٨٨) بڕگەی دووەمی پەیڕەو ئاماژەی پێکراوە [١].

**ح- پەسندکردن و ژمارەی پێویستی دەنگی ئەندامان:**

پەسندکردن یان ڕەتکـردنەوەی پـرۆژە یاسا یـان پێشـنیازە یاسا هەمان ژمارەو ڕیژەی دەنگـی ئەنـدامانی پێویسـتە کە بـریتیە لە زۆرینەی ژمارەی ئەنـدامانی ئامـادەبوو هەروەك لە مـاددەی (٩٣) بڕگەی یەکەم ئاماژەی بۆ کراوە [٢].

**خ- دەرچواندن یان گەڕاندنەوەی لەلایەن سەرۆکی هەرێم:**

سـەرۆکی هەرێـم بە پێـی مـاددەی دەیەم بـڕگەی یەکەم خـاڵی (٢) لە یاسـای سـەرۆکایەتی ژمـارە(١)ی سـاڵی ٢٠٠٥ ی هەمـوارکراو، تایبەتمەنـدی دەرچوانـدنی یاسا و هەروەها مـافی گەڕانـدنەوەی ئەو یاسایانەی پێدراوە کە لە پەرلەمانەوە پەسـند کـراون ، لە پیـادەکردنی ئەو تایبەتمەندیەشـیدا هـیچ جیـاوازیەك نەکـاراوە لە نێـوان ئەو

١ پەیڕەوی ناوخۆی هەموارکراوی بەرکار ی پەرلەمـانی کوردسـتان لە مـاددەی (٩١) بـڕگەی دووەمیـدا هـاتوە: (ئەگەر لە کـاتی گفتوگـۆکردنی پـرۆژە یـان پێشـنیازەکە، وەزیـری پەیوەندیدار ئامادەبوو، دەتوانێت لە بارەی هەر ماددەیەکەوە (٢) دوو خولەك بدوێت).

٢ پەیڕەوی ناوخۆی هەموارکراوی بەرکار ی پەرلەمانی کوردسـتان لە مـاددەی (٩٣) بـڕگەی یەکەمیدا هاتوە: (یاسا و بڕیارەکان، بە زۆرینەی ژمارەی ئامادەبووان، پەسەند دەکرێن، جگە لەو حاڵەتانەی پێویستییان بە زۆرینەی تایبەت هەیە).

یاسایانەی کە بەرەنجامی دەستپێشخەری یاسادانان بوون لە جۆری پرۆژەی یاسابێت یاوەخود پێشنیازی یاساوە بوبێت [١].

## ٤- جیاوازیەکانی نێوان پرۆژە یاسا و پێشنیازە یاسا

لە تەوەرەی پێشودا ئاماژەمان بە چەندین خاڵی لەیەکچونی نێوان پرۆژە یاسا و پێشنیازە یاسا کرد بەڵام لە هەمان کاتدا چەندێن خاڵی لێکجیاوازبوونیش لەنێوان ئەو دوو جۆرە سەرکیەی دەستپێشخەریدا هەیەو هەوڵدەدەین لە میانەی چەند خاڵێك روانگەی جیازەوە بیخەینەروو:

### أ- تایبەتمەندی پیادەکردن وپێشنیارکردنی:

سەبارەت بە پرۆژە یاسا ئەوا هەریەکە لە سەرۆکی هەرێم ،دەسەڵاتی دادوەری، ئەنجومەنی وەزیران ، کۆمسینی باڵای هەڵبژاردن و دەستەی دەستپاکی پیادەی ئەو دەستپێشخەریە دەکەن، هەرچی سەبارەت بە پێشنیازە یاسایە ئەوا تەنها (١٠) دە ئەندامی پەرلەمان یان زیاتر بۆیان هەیە ئەو تایبەتمەندیە پیاد بکەن .

---

١ یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە(١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو لە ماددەی دەیەم بڕگەی یەکەم خاڵی (٢)یدا هاتوە : ( دەرچواندنی ئەو یاساو بڕیارانەی کە پەرلەمانی کوردستان دایان دەنێت ، لە ماوەی پازدە رۆژدا لە بەرواری گەیشتنی بۆ سەرۆکایەتی هەرێم ، سەرۆکی هەرێم بۆی هەیە لەو ماوەیەدا ، نارەزایی لەسەر هەموو یان هەندێك لەو یاسا و بڕیارانە دەربڕێت......).

**ب- ڕێککارەکانی ئامادەکردن:**

پـرۆژە یاسـاکان بە تـایبەتی ئەوانەی لە ئەنجـومەنی وەزیـرانە پێشـــنیار دەکـــرێن بـــۆ پەرلەمـــان،مەرجە پـــێش نـــاردن و پێشـنیارکردنیان بـۆ پەرلەمـان لەلایەن ئەنجـومەنی شـورای هەرێمەوە دارشـتن یـان دوبـارە دارشـتنەوەیان بـۆ کرابێـت یـان لانی کەم تێڕوانینیان بۆ کرابێت لەروی رواڵەتـی و بـابەتیەوە [1]، هەرچەندە بەشێك لە راوێژکارانی ئەنجومەنی شـورای هەرێمـی کوردسـتان رایـان وایە، حکـومەتی هەرێـم لەروی یاسـاییە هـیچ پابەنـدیەکی لە ئەسـتۆدا نـیە بـۆ نـاردنی پـرۆژە یاسـاکان بـۆ ئەنجـومەنی شـورا، جـا بە مەبەسـتی داڕشـتن یـان تێـڕوانین و دوبارە دارشتنەوە بێت بەر لەوەی پێشنیار بکرێن بـۆ پەرلەمـانی کوردستان ، سەرباری ئەوەش ،لەم روەوە ئاماژە بەوە دەکەن کە لە ماوەی رابردودا لەروی کردارەکیەوە هەندێکجار حکومەت بێ ئەوەی رای ئەنجـومەنی شـورای وەرگرتبێـت لەروی دارشـتنەوە،

١ یاسـای ئەنجـومەنی شـورای هەرێمـی کوردسـتان ژمـارە (١٤)ی سـاڵی ٢٠٠٨ ، لە مـاددەی حەوتەم بـڕگەی یەکەم و دووەمیـدا هـاتوە : ( ئەنجـومەن لە بـواری یاسـاکاریدا ئەم ئەرکانە دەگرێتە ئەستۆ : یەکەم: ئامادەکردن و دارشتنی پرۆژە یاساکان لە هەرێمدا و، ئەمەش لەسـەر داوای ئەنجـومەنی وەزیـران یـاخود وەزارەتە تایبەتمەنـدەکان یـان لایەنەکانی کە نەبەسـتراونەتەوە بە وەزارەت دەبـێ ، دووەم : لێوردبـونەوە لەو پـرۆژە یاسـایانەی کە لەلایەن ئەنجـومەنی وەزیـرانەوە یـان وەارەتەکـانەوە یـاخود لایەنـی نەبەستراو بە وەزارەتەوە ئامادە دەکرێن لە روی شێوە و بابەتەوە ).

پرۆژە یاسای  پێشنیار کردوە بۆ پەرلەمـان [١]. ئـێمە لەمبـاریەوە رامـان جیـاوازە و دەڵێـین ئەوەی پەیوەنـدی بە بـڕگەی یەکەمـی مـاددەی حەوتەمـی یاسـای ئەنجـومەنی شـوراوە هەیە کە تایبەتمەنـدی (ئامـادەکردن و دارشـتنی) پـرۆژە یاسـاکانی رێکخسـتوە، راسـتە دەسـەڵاتێکی ئارەزومەنـدانەی بەخشـیوەتە ئەنجومەنی وەزیران ،وەزارەتەکان و لایەنەکانی نەبەستراوە بە وەزارەت کە ئاخۆ ئەنجومەنی شورا رادەسپێرن بۆ ئامـادەکردنی پـرۆژە یاسـا یـان خۆیـان بەم کـارە هەڵدەسـتن، بەڵام بـۆ بـڕگەی دووەمی ماددەی حەوتەمی یاساکە ،کە تایبەتمەندی( تێروانین و دوبـارە دارشـتنەوەی پـرۆژە یاسـاکانی رێکخسـتوە) ئەوا ئەجومەنی شورای وەك تەنها لایەن دیاریکردوە بە پیـادە کردنـی ئەم تایبەتمەنـدیەو بەرای ئـێمە حکـومەت پابەنـدی یاسـایی دەکەوێـتە ئەسـتۆ کەوا کـۆی پـرۆژە یاسـاکانی بنێرێـت بـۆ ئەنجومەنی شورا بەمەبەستی تێـروانین و دوبـارە دارشـتنەوەی بەر لەوەی پێشنیاریان بکات بۆ پەرلەمان.وەبەحوکمی کـارکردنم وەك راوێژکاری یاسـایی لە پەرلەمـانی کوردسـتان ، لانـی کەم لە خـولی پێنجەمـی پەرلەمـانی کوردسـتان کـاری پەرلەمـان بەو

١ القاضـي شـوان محـي الـدين (رئـيس مجلـس شـورى الاقلـيم )، د.هـادي مسـلم يـونس (المستشار الاقدم في مجلس شورى الاقليم) ،د.مازن ليلو راضي(مستشار منتدب سابقا في مجلـس شـورى الاقلـيم)، دليـل الصياغة التشـريعية فـي اقلـيم كردسـتان ، مطبعـة حاجي هاشم ،ط١، ٢٠١٦، ص١٨٧-١٨٨.

ئاراســـتەیە بـــوە کە پـــرۆژە یاســـا پێشـــنیارکراوەکان لەلایەن ئەنجـــومەنی وەزیـــرانەوە ،پێویســـتە بەر لە پێشـــنیارکردنیان تێروانینیـــان بـــۆ بکرێـــت لەلایەن ئەنجـــومەنی شـــورای هەرێمـــی کوردستانەوە ، ئەوەش ئاراســتە دروســتەکەیە کە لەگەڵ رۆحـــی یاسای ئەنجومەنی شورادا یەکدەگرێتەوە کە ئامانج لێـــی هێنـــانە کـــایەی یەکیەتـــی یاســـادانان(وحـدة التشـريع) و دەســـتەبەرکردنی بنەمای هاوبەشە بۆ دارشتنی یاسادانان لە هەرێمی کوردســـتان ، پێویستە لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە یاسادانەری هةندێك لة ولآتـــان لةبـــةر گرنگـــی ئـــةم بابةتـــة ، پابەنـــدکردنی حکـــومەت بە نـــاردنی پـــرۆژە یاســـاکان بـــۆ ئەنجـــومەنی شـــورا بەر لەوەی پێشنیاریان بکـــات بـــۆ پەرلەمـــان ، لە نێـــو دەســـتوردا رێکخســـتوە، بەنمـــونە یاســـا دانەری فەرەنســـی [١]، هەروەهـــا یاســـادانەری جەزائیری [٢]. هەرچی پێشنیازە یاسـایە ئەوا تەنهـا پێشـمەرج

---

١ دەستوری فەرەنسی ساڵی ١٩٥٨ ی هەموارکراو لە مادەی (٣٩)یدا هاتوە (من حـق كـل مـن رئيس الوزراء وأعضاء البرلمان المبادرة بـالتشريع .تكـون مناقشـة مشـروعات القـوانين الحكومية في مجلس الوزراء بعد التشاور مع مجلس الدولة ويتم عرضها فـي واحـدٍ أو آخر من مجلسي البرلمان. سوف تُطرح مشروعات قوانين المالية وتلك المتعلقة بتمويل الضمان الاجتماعي للمرة الأولى أمام الجمعية الوطنية. دون المساس بالفقرة الأولى من المادة ٤٤ ،فإن مشروعات القوانين التي تعـالج بشـكل أساسـي آليـة تنظـيم المجتمعـات المحلية يجب أن تعرض للمرة الأولى في مجلس الشيوخ).

٢ دەستوری جەزائیری ساڵی ( ٢٠١٦) ، لە ماددەی (١٣٦) یـدا هـاتوە: (لكـلّ مـن الـوزير الأول والنّوّاب وأعضاء مجلس الأمة حقّ المبادرة بالقوانين . : تكون اقتراحات القوانين قابلـة للمناقشة، إذا قدّمها عشرون (٢٠ ) نائبا أو عشـرون ( ٢٠ ) عضـوا فـي مجلـس الأمـة فـي

که لەسەری دانرابێت بەر لە پێشنیارکردنی بۆ پەرلەمانی کوردستان ئەوەیە کە دەبێت مەرجە رواڵەتی و بابەتیەکانی پێشنیازە یاسا لەخۆ بگرێت [1]، واژوی ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی لەسەر بێت.

**ت- خستنە بەرنامەی کاری دانیشتن و خوێندنەوەی یەکەم :**

سەبارەت بە پرۆژە یاسا ئەوا دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەبێت راستەوخۆ لە یەکەمین دانیشتنی دوای گەیشتنیان بیانخاتە بەرنامەی کاری دانیشتنەوە تاوەکو خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ بکرێت [2]،ئەم ئەرکە وەك پابەندیەکی پەیڕەوی جێبەجێ دەکات و دەسەڵاتی رەتکردنەوە یان تەنانەت دواخستنیشی نیە، بەڵام لە کاتی پێشنیارکردنی پێشنیازە یاسا لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە ئەوا دەستەی

---

المسائل المنصوص عليها في المادة ١٣٧ أدناه . تعرض مشاريع القوانين على مجلس الوزراء، بعد رأي مجلس الدّولة، ثمّ يودعها الوزير الأول، حسب الحالة، مكتب المجلس الشّعبيّ الوطنيّ أو مكتب مجلس الأمة).

١ پەیڕەوی ناوخۆی هەموارکراوی بەرکار ی پەرلەمانی کوردستان، لە ماددەی (٧٩) بڕگەی یەکەمیدا هاتوە: (پێشنیازی یاسا و بڕیار پێویستە مەرجە رواڵەتی بابەتیەکانیپێشنیازە یاسا و بڕیار لە خۆی بگرێت).

٢ پەیڕەوی ناوخۆی هەموارکراوی بەرکار ی پەرلەمانی کوردستان، لە ماددەی (٨٣) بڕگەی یەکەمیدا هاتوە: (ئەو پرۆژە یاسا و بڕیارانەی، لەلایەن حکومەت پێشکەش دەکرێن، راستەوخۆ لە یەکەمین دانیشتن دوای گەیشتنیان بە پەرلەمان، خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ دەکرێت).

سەرۆکایەتی لە بری ئەوەی بیخاتە بەرنامەی کاری دانیشتنی پەرلەمانەوە دەبێت ئاراستەی لیژنەی یاسایی بکات دوای پێداچونەوەو هەڵسەنگاندنی لەڕوی گونجاویەتی لەگەڵ ئەو پێوەرانەی کە لە پەیڕەودا هاتوە ئینجا دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بەهەماهەنگی لەگەڵ لیژنەی یاسایی بڕیار دەدن کە بخرێتە بەرنامەی کاری دانیشتنی پەرلەمان تاوەکو خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێت [1]، سەرباری ئەوەش دەستەی سەرۆکایەتی بۆی هەیە پێشنیازە یاساکە ڕەت بکاتەوە خوێندنەوەی یەکەمی

---

١ پەیڕەوی ناوخۆی هەمووارکراوی بەرکار ی پەرلەمانی کوردستان، لە ماددەی (٧٩) بڕگەی دووەمیدا هاتوە: ( لە ماوەی ١٤ رۆژ لە رێکەوتی پێشکەشکردنیەوە لێژنەی کاروباری یاسایی بە هەماهەنگی لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتی ، بڕیار دەدرێت خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێت ، لەسەر بنەمای گونجاندنی لەگەڵ ئەم پێوەرانەی خوارەوە.............).هەروەها لە ماددەی (٨٠) بڕگەی چوارەمیدا هاتوە : (کاتێك پرۆژە، یان پێشنیازەکە، لە لایەن دەستەی سەرۆکایەتی و لیژنەی یاساییەوە، رەزامەندی لەسەر دەدرێت، لە یەکەم دانیشتنی دوای رەزامەندییەکە، دەخرێتە بەرنامەی کارەوە).

+جێگەی خۆێەتی ئاماژە بەوە بکەین کە هاتنی وشەی (پرۆژە) لە سەرەتای بڕگەی یەکەمی ماددەی (٨٠)ی پەیڕەوی ناوخۆ ، هەڵەیەکەو بەسەر پەرلەماندا تێپەڕیوە ، چونکە پرۆژەیاسا رەزامەندی دەستەی سەرۆکایەتی و لیژنەی یاسایی ناوێت تا بخرێتە بەرنامەی کاری دانیشتنەوەو خوێندنەوەی بۆ بکرێت بەلکو ئەرکی دەستەی سەرۆکایەتیە بیخاتە بەرنامەی کارەوە بێ ئەوەی دەسەڵاتی رەزامەندی یان رەتکردنەوەی هەبێت، ماددەی (٧٩) هەروەها بڕگەی یەکەمی ماددەی (٨٠)ی پەیڕەوی ناوخۆ زۆر رونەو هیچ بواری نەهێشتۆتەوە تا دەستەی سەرۆکایەتی دەسەڵاتی تێروانینی جۆرێك لە جۆرەکانی پرۆژە یاسای هەبێت و ئەو دەسەڵاتەی سنوردار کردوە لە پێشنیازی یاسا و بڕیار.

بــۆ نەکــات [1] ،ئەگەر هــاتوو دوای تێروانینــی لەلایەن لیــژنەی یاسـایی و بە هەمـاهەنگی دەسـتەی سـەرۆکایەتی دەرکەوت کە یەکێـك لەو پێـوەرانەی تێـدا نـیە کە لە مـاددەی (٧٩) پەیـڕەوی نــاوخۆدا دەقنوســکراون. خــۆ ئەگەر بڕیــاری ڕەتکــردنەوەی پێشـنیازە یاسـاکە بـڕواپێهێنەر نەبـوو بـۆ ئەو ئەنـدامانەی کە واژویـان کـردوە ئەوا بـابەتەکە دەخـرێتە بەردەم پەرلەمـان بـۆ یەکلاکـــــردنەوەی [2]،هەروەهــــا دەســــتەی ســــەرۆکایەتی بەهەمـاهەنگی لەگەڵ لیـژنەی یاسـایی لە کـاتی بـونی تێبینـی لەســەر پێشــنیازە یاســاکە ،بۆیــان هەیە بگەڕێنــنەوە بــۆ ئەو ئەندامانەی کە پێشکەشیان کردوە تاوەکو ڕەچاوی ئەو تیبینیـانە بـکەن کە هەیـانبوە لەسـەر پێشـنیازە یاسـاکە بەر لەوەی دوبـارە پێشنیاری بکەنەوە [3].

---

١ پەیڕەوی ناوخۆی هەموارکراوی بەرکار ی پەرلەمانی کوردسـتان، لە مـاددەی (٨٠) بـڕگەی یەکەمیـدا هـاتوە: (دوای تێڕوانینـی پێشـنیازی یاسـا یـان بڕیـارەکە، لەلایەن دەسـتەی سەرۆکایەتی و لیژنەی یاساییەوە، ئەگەر دەرکەوت یەکێك لەو پێوەرانەی تێـدانییە کە لە ماددەی (٧٩)ی ئەم پەیرەوەدا، هاتووە، ڕەتدەکرێتەوە و خوێنـدنەوەی یەکەمـی، بـۆ ناکرێت.).

٢ پەیڕەوی ناوخۆی هەموارکراوی بەرکار ی پەرلەمانی کوردسـتان، لە مـاددەی (٨٠) بـڕگەی دووەمیدا هاتوە: (لەکاتێکدا ئەندامانی پەرلەمان، کە پێشنیازی یاسـا یـان بڕیارەکەیـان پێشکەشــکردووە، ڕای دەســتەی ســەرۆکایەتی، و لیــژنەی یاســایی بۆیــان بــڕوا پێهێنەرنەبوو، بابەتەکە دەخرێتە بەردەم پەرلەمان بۆ بڕیاردان لەسەری).

٣ پەیڕەوی ناوخۆی هەموارکراوی بەرکار ی پەرلەمانی کوردسـتان، لە مـاددەی (٨٠) بـڕگەی سـێیەمیدا هـاتوە: (ئەگەر پێشــنیازی یاسـا، یـان بڕیـارەکە، بە شـێوەیەکی گشـتی، ڕەتنەکـرایەوە، بەڵام دەسـتەی سـەرۆکایەتی و لیـژنەی یاسـایی، تێبینییـان لە سـەر

## ث- وادەی پێشنیارکردن

ســـەبارەت بە پـــڕۆژە یاســـا ،پەیـــڕەوی نـــاوخۆ و یاســـا بەرکـــارە پەیوەنـــدیارەکان ،دور و نزیـــك ئاماژەیـــان نەکـــردوە بـــۆ وادەو چوارچێوەیەکی زەمەنی تاوەکو ئەو لایەنانەی تایبەتمەندی پێشنیار کردنی پرۆژە یاسایان هەیە پێوەی پابەند بن ، بە لْکو هەرکات بە پێویستی بزانن دەتوانن پێشنیاری بکەن ، بە پێچەوانەوە ئەندامانی پەرلەمان دەستکراوە نین لەروی کاتەوە بۆ پێشکەشکردنی پێشنیازە یاسا، بەڵکو دەبێت لە ماوەی مانگی یەکەمی سەرەتای هەر وەرزێکی یاسادانان پێشنیاری پێسنیازە یاساکەیان بکەن تەنها لەو دۆخانە نەبێت کە پێویستی بە یاسا یان بڕیارێکی بە پەلە هەبێت لەوکاتەشدا دەســـتەی ســـەرۆکایەتی هەڵســـەنگاندن بـــۆ راددەی پێویســـتی و بەپەلەییەکە دەکات [1].

---

پێشـــنیازەکە هەبـــوو، لەو حـــاڵەتەدا بـــۆ ئەو ئەنـــدامانەی پێشکەشـــیان کـــردوە دەگەرێندرێتەوە، بۆ رەچاوکردنی تێبینیەکان و دووبارە پێشکەشکردنەوەی).

١ پەیـڕەوی نـاوخۆی هەمـوارکراوی بەرکار ی پەرلەمـانی کوردسـتان، لە مـاددەی (٨٢)یـدا هـاتوە: (لە هەر وەرزێکـی یاسـادانانـدا تەنیـا لە مـانگی یەکەمـی وەرزی یاسـادانانـدا، ئەنـدامانی پەرلەمـان، دەتـوانن پێشـنیازی یاسـا، پێشـکەش بـکەن تەنیـا لەو حـاڵەتەدا نەبێـت کە دۆخێکـی تـایبەت بێـتە پـێش و پێویسـتیی بە یاسـا، یـان بڕیـارێکی بەپەلە هەبێت و لەوبارەش دەستەی سەرۆکایەتی هەڵسەنگاندن بۆ پێویسـتیی و بە پەلەیـی یاسا یان بڕیارەکە دەکات).

## ج- چوارچێوەی بابەتەکانی یاسادانان

هەر بابەتێـك بە پێویسـت بزانرێـت ئەوا دەتوانرێـت لە چوارچێـوەی پرۆژە یاسـادا رێکبخرێـت و پێشـنیار بکرێـت بـۆ پەرلەمـان ، بەڵام بـۆ پێشـنیازە یاسـا بەو شـێوەیە دەسـتکراوەییە نـیە، بـۆ نمـونە ژمـارەی یاسـایی ئەنـدامانی پەرلەمـان نـاتوانن لە رێـگەی پێشـنیازی یاسـاوە، پرۆژە بودجەی هەرێـم پێشـنیاربکەن بـۆ پەرلەمـان بەڵکـو ئەوە تەنهـا لەلایەن ئەنجـومەنی وەزیـرانەوە پیـادە دەکرێـت و لە چوارچێـوەی پرۆژە یاسادا رێك دەخرێت [1]. جـگە لەوەش هەر پێشـنیازە یاسـایەك ئەگەر بارگرانی لەسەر حکومەت دروست بکات، تێپەڕاندنی پێویستی بە رەزامەنـدی ئەنجـومەنی وەزیـران هەیە [2]،واتە ئەو بابەتـانەی بـارگرانی داراییـان هەیە بە شـێوەیەکی مەرجـدار دەتوانرێـت لە چوارچێوەی پێشنیازە یاسا رێکبخرێن ، بەمەش وابەستەکراو دەبێـت بە رەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران.

---

١ پەیڕەوی ناوخۆی هەموارکراوی بەرکار ی پەرلەمانی کوردستان، لە مـاددەی (٩٨) بـڕگەی یەکەمیدا هاتوە: (لەسەر ئەنجومەنی وەزیران پێویسـتە، لە سـەرەتای مـانگی تشـرینی یەکەمی هەموو ساڵێك و بەر لەساڵی دارایی، بە مەبەستی گفتوگۆ، پـڕۆژە بـودجە بـۆ پەرلەمان بنێرێت).

٢ پەیڕەوی ناوخۆی هەموارکراوی بەرکار ی پەرلەمانی کوردستان، لە مـاددەی (٧٩) بـڕگەی دووەم خاڵی (٢)یدا هاتوە: ( ئەگەر بـوە مـایەی لـێکەوتەی دارایـی لەسـەر حکـومەت ، پێش خوێندنەوەی یەکەم ئاراستەیان دەکرێت بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی سـەبارەت بەو لێکەوتە داراییەی کە لە ئەنجامی دەرچواندنی یاساکە دەکەوێتە ئەستۆیان).

## ح- رەتكردنەوەو و دوبارە پێشنیار كردنەوە

هەرچی تایبەتە بە پرۆژە یاسا ئەوا دەقێكی یاساییمان نیە، نە لەپەیڕەوی ناوخۆدا و نە لە یاسا بەركارە پەیوەندیدارەكان بە پرۆسەی یاساكاریەوە، كە باس لە بونی ڕێگری و كۆت و بەندێك بكات بۆ دوبارە پێشنیار كرنەوەی لە روی كاتەوە، بۆ نمونە ئەگەر هاتوو پەرلەمان بە دەنگدان پرۆژە یاسایەكی رەتكردوە ، دەتوانرێت لە هەمان وەرزی یاسادانان یان هەر كاتێكی دیكە كە بە گونجاو بزانرێت دوبارە پێشنیار بكرێتەوە ، بەڵام سەبارەت بە پێشنیازە یاسا ئەوا لە كاتی رەتكردنەوەی لەلایەن پەرلەمانەوە ، ناتوانرێت لە هەمان وەرزی یاسادانان دوبارە پێشنیار بكرێتەوە[1].

## خ- لە پێشینەیی

ئەگەر پێشنیازە یاسایەك خوێندنەوەی یەكەمی بۆكراو ئاراستەی لیژنەی تایبەتمەند كرا، بەرلەوەی بچێتە قۆناغی راپۆرت نوسینەوە ، پرۆژە یاسەیەكیش خوێندنەوەی یەكەمی بۆ كراو ئاراستەی لیژنە تایبەتمەند كرا و لە رووی بنەماوە هەردوكیان یەكبوون ، واتە پرۆژە یاساكەو پێشنیازە یاساكە بە

---

١ پەیرەوی ناوخۆی هەمواركراوی بەركار ی پەرلەمانی كوردستان، لە ماددەی (٨١) بڕگەی چوارەمیدا هاتوە: (ئەگەر پێشنیازی یاسا رەتكرایەوە، لە هەمان وەرزی یاسادانانداً، پێشكەش ناكرێتەوە).

هەمـان ئاراسـتە و هەمـان بابەتیـان ڕێکخسـتبوو، ئەوا لیـژنەی تایبەتمەند دەبێت پرۆژە یاساکە بە بنەما وەربگرێت بۆ راپـۆرت نوسین و ناردنی بۆ خوێندنەوەی دووەم [1]، بەڵام ئەگەر گریمـان بـابەتەکە پـێچەوانە بـۆوە پێشـنیازە یاسـایەك خوێنـدنەوەی یەکەمـی بـۆ کـراو ئاراسـتەی لیـژنەی تایبەتمەنـد کـرا، بە هەمـان نـاوەرۆك پێشـتر پـرۆژە یاسـەیەك ئاراسـتەی هەمـان لیـژنەی تایبەتمەند کرابێت ئەوا لیـژنەکە مـافی ئەوەی نـیە خەسـڵەتی لە پێشـینەیی بـدات بە پێشـنیازی یاسـاکە ، بەڵکـو دوبـارە لیـژنەکە پابەندە بەوەی کە پرۆژە یاساکە بکاتە بنەمای نوسینی راپـۆرتی لیژنەو ناردنی بۆ خوێندنەوەی دووەم.

١ پەیڕەوی ناوخۆی هەموارکراوی بەرکار ی پەرلەمانی کوردستان، لە مـاددەی (٨١) بـڕگەی سـێیەمیدا هـاتوە: (پـرۆژە یاسـا، بە بنەمـا دادەنرێـت، ئەگەر پێشـنیازی یاسـای تـر، پێشکەشـکراو لە رووی بنەمـاوە یەکبـوون، بە مەرجێـك پێشـنیازی یاسـا نەچـووبێتە قۆناغی ڕاپۆرت نووسین).

# پوختەو دەرەنجام وراسپاردەکان

دوای تیشك خستنه سەر چەند رەهەندو لایەنێکی تایبەت به دەستپێشخەری یاسادانان و چۆنیەتی رێکخستنی له میانەی بەشەکانی ئەم ناميلكەيە، له دوا بەش و کۆتاییدا پوختەی راو سەرنجەکانی خۆمان له چەند خالێکدا کورت دەکەینەوە

١- زۆرێك له ولاتانی دونیا له دەستوری ولاتەکەیاندا تایبەتمەندی دەستپێشخەری یاسادانیان رێکخستوه تەنانەت ئەگەر له یاسا سروشت دەستوری و پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانەکانیشیاندا دوبارە رێکیان خستبێتەوە ، ئەوا به دلنیاییەوە له ژێر سایەیەی دەقە دەستوریەکان ئەم کارەیان کردوه ، ئەوەش رێچکە دروست و راستەکەیە ، چونکە دەستپێشخەری یاسادانان جگە لەوەی له سروشتیدا بەشێکە له بابەتی دەسەلات و تایبەتمەندیەکانی دامەزراوەکانی دەولەت، خالی هەماهەنگی و هاوسەنگی و بگرە یەکێکە له مێکانیزمەکانی هاوبەشی پێکردنی دەسەلاتی جێبەجێکردن له پرۆسەی یاساکاری ، له هەرێمی کوردستان بەهۆی ئەوەی تا نوسینی ئەم ناميلكەيە خاوەنی دەستور نیە، تایبەتمەندی یاسادانانی له یاسا ئاساییەکان و پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا رێکخستوه ، ئەمەش وای کردوه به درێژایی چەند سالی رابردوو کۆمەلێك گۆرانکاری له شێوازی دەستپێشخەری یاسادانان و لایەنی تایبەتمەند به پیادە کردنی روبدات، بێگومان

ئەوەش بەجۆرێـك لە جۆرەكـان جـۆرە شـڵەژانێك لە پرۆسـەی یاسـاكاری لێـدەكەوێتەوە و پەیوەنـدی نێـوان دەسـەڵاتەكانیش دەخـاتە ژێـر پرسـیارەوە خـزمەت بەو هەمـاهەنگی و هاوبەشـیە ناكـات كە پێویسـتە هەبێـت لە نێـوان هەردوو دەسـەڵاتی جێبەجێكـردن و یاسـادانان، بـۆ نمـونە لە پەیـڕەوی پێشـوی پەرلەمـانی كوردسـتان كە لە سـاڵی ١٩٩٢ دەرچـوە یاسـادانەری هەرێمی كوردسـتان تایبەتمەنـدی پیـادە كردنـی دەستپێشـخەری یاسادانانی (بڕیارە یاسای) داوە ئەنجومەنی وەزیران [١]، بەڵام لە پەیـڕەوی بەركـاری پەرلەمـان كە لە سـاڵی ٢٠١٨ دەرچـوە تایبەتمەندی پیادە كردنی بڕیارە یاسای لە ئەنجـومەنی وەزیرانـی وەرگرتۆتەوەو تەنهـا داویەتە بە سـەرۆكی هەرێـم و پەرلەمـان[٢]. نمونەیەكی دیكە ، لە پەیڕەوی پێشـوی پەرلەمـان تەنهـا یەك جـۆر دەستپێشخەری یاسادانانمان هەبوو كە (پـرۆژە) بـوو ، جـا پـرۆژە یاسـا بێـت یـان پـرۆژە بڕیـار، بەڵام لە پەیـڕەوی نـاوخۆی بەركـار ئێستا دوو شێوازی سـەركەی دەستپێشـخەری یاسـادانانمان هەیە

١ پەیـڕەوی نـاوخۆی پەۆلەمـانی كوردسـتانی سـاڵی ١٩٩٢، لە مـاددە (٧١)یـدا هـاتوە ( ئەنجومەنی وەزیران یان كەمتر نەبێت لە دە ئەنـدامی پەرلەمان ،بۆیـان هەیە پـرۆژە یاساو بڕیار پێشنیار بكەن ....).

٢ پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستانی هەمواركراوی بەركار ، كە لەساڵی ٢٠١٨ دەرچـوە ، لە مـاددەی (١)یـدا هـاتوە ( پـرۆژە یاسـا و بڕیـار : ئەو پـرۆژە یاسـاو بڕیـارانەیە كە لەلایەن سەرۆكی هەرێم ، یان ئەو پرۆژە یاسایانەیە كە لەلایەن ئەنجـومەنی وەزیـران ..... ئاراسـتەی پەرلەمـان دەكـرێن ، پێشـنیازی یاسـا و بڕیـار :ئەو پێشـنیازی یاسـا و بڕیارانەیە كە لانیكەم لەلایەن دە ئەندامی پەرلەمان پێشكەش دەكرێن...).

ئەوانیش (پرۆژە) و(پێشنیازە) جا پرۆژە یاسا و بڕیارە یاسا بێت ،یان پێشنیازە یاساو بڕیار بێت ، ڕەنگە خوێنەر بپرسێت جا گۆڕینی تەنها ناونیشانێك ئەوەندە دەهێنێت لێرەدا بکرێتە سەرنج و لە پوختە و دەرەنجامی ئەم نامیلکەیەدا بخرێتە ڕوو، لەوەڵامدا دەڵێین گۆرانکاریەکە تەنها لە وشەو چەمکدا نیە بەڵکو زۆرێك لە ڕێککارەکانی دەرچواندنیان گۆرانکاریان بەسەردا هاتوە ، ئەگەر لە ماددەکانی (٧١) تا ماددەی (٧٤) ی پەیڕەوی پێشوی پەرلەمان وردبینەوە دەبینین جیاوازیەکی ئەوتۆ بەدیناکەین لە ڕێککارەکانی خوێندنەوەو گفتوگۆو دەنگدان لەسەر هەریەك لەو دەستپێشخەریانەی یاسادانان کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیران یاخود ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشنیار دەکرێن، بەڵام لە پەیڕەوی تازەو بەرکاری پەرلەمان ، ئەگەر سەیری پرۆسەی یاساکاری بکەین کە لە ماددەکانی (٧٧) تاوەکو(٩٧) ڕێککخراوە ، ئەوا جیاوازیەکی زۆر بەدی دەکەین لە ڕێککارەکانی دەرچواندنی هەریەك لەو دەستپێشخەریانەی یاسادانان کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیران و ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشنیار دەکرێن. ئەوەش دەمانگەیەنێت بەو ئەنجامەی کە نەبونی دەستور هۆکارێك بوە بۆ ئەنجامدانی ئەو گۆرانکاریە زۆر و جەوهەریانەی لە ڕێکخستنی ئەو بابەتە رویانداوە .

٢- هەرچەندە لە رواڵەتدا و لە دەقە دەستوری و یاساییەکانی زۆربەی وڵاتان ، پیادەکردنی تایبەتمەندی دەستپێشخەری

یاسـادانان دراوه بە پەرلەمـان و حکـومەت ، بەڵام لە راسـتیدا لە سـەددەی نـۆزدە بەدواوە ،رێـژەی بـونە یاسـای ئەو دەستپێشـخەریانەی یاسـادانان کە لە ئەنـدامانی پەرلەمـانەوە پێشـنیار دەکـرێن زۆر کەمتـرە لەوانەی کە لەلایەن حکـومەتەوە پێشنیار دەکرێن، ئەوەش ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت کە هەلی بونە یاسای دەستپێشخەریەکانی یاسادانانی ئەنـدامانی پەرلەمـان زۆر کەمترە بەبەراورد لەگەڵ ئەوانەی لە حکومەتەوە پێشنیار دەکرێن [1]، ئەگەر سەیری چەند ئامارێك بکەین لەوبارەیەوە ، ئەوکات ئەو راستیەمان باشتر بۆ روندەبێتەوە ، لە وڵاتێکـی وەك بەریتانیـا کە بە سـەرچاوەی هـاتنە دونیـای ژیـانی پەرلەمـانی دادەنرێـت ئامارەکان پێمان دەڵێن کە پێشـنیاری پـرۆژە یاسـاکانی حکـومەت لە(٩٠%) سـەدا نەوەدی کـۆی گفتگۆکـانی ئەنجـومەنی گشـتی بەریتانیا پێك دەهێنن (٢)، هەروەها لە وڵاتێکـی وەك ئەڵمانیـا ئەو پـرۆژە یاسـایانەی کەلەلایەن ئەنجـومەنی وەزیـرانەوە پێشـنیار دەکرێن (٣\٢) دوو لەسەر سێیی کۆی ئەو یاسـایانە پێـك دەهێـنن کە بوندستاغ دەریان دەچوێنێت [3]، هەرچی سەبارەت بە وڵاتانی عەرەبیشە ئەوا لێکۆڵینەوەیەك کراوە ، ئەنجامەکانی پێمان دەڵێت

١ د. مهـدی صـالح عیـدان ، التشـریع وطغیـان السـلطة ، منشـئة المعـراف ، الاسـکندریة ، مصر،ط١،ص٥٨.

٢ د . یزن خلوق محمد ،هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٣١.

٣ د . یزن خلوق محمد ،هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٧٨.

، کە پێشنیاری پرۆژە یاساکانی حکومەت (٩٠%) لە سەدا نەوەدی کۆی چالاکیەکانی پرۆسەی یاسادانان پێکدەهێنن ، وە (٩٨%) لە سەدا نەوەدو هەشتی ئەو پرۆژە یاسایانەی حکومەت پێشنیاریان دەکات ، دەبنە یاسا و پەرلەمان دەریان دەردەچوێنێت (١). ئەگەر شانشینی ئوردنی بە نمونە وەربگرین ، ئەوا بە پێیی راپۆرتێك کە لە پرۆگرامی چاودێری کردنی هەڵبژاردنەکان و ئەدای ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان دەرچوە، بۆمان دەردەکەوێت کە ،ئەندامانی ئەنجومەنی ئوممەی ئوردنی لە خولی (١٧) حەڤدەهەم ، (٥٧) پەنجاو حەوت پێشنیازە یاسایان پێشنیار کردوە ، لەکۆی پێسنیارەکانیان تەنها (٢) دوو پێشنیازە یاسایان بۆتە یاساو ئەنجومەنی ئوممە پەسندی کردون [٢]. یان ئەگەر وڵاتێکی وەك مەغریب بە نمونە وەربگرین ، ئەوا لە خولی حەوتەمی پەرلەماندا بە هەردوو ژورەکەیەوە کە دەکەوێتە نێوان ساڵەکانی (٢٠٠٢ تا ٢٠٠٧) ئەوا لە کۆی ئەو یاسایانەی پەرلەمان دەریکردوون کە ژمارەیان(٢٢٥) دووسەدوو بیست و پێنج یاسا بووە ، (٢١٥) دووسەدو پازدەیان پرۆژە یاسای حکومەت بوون بۆ پەرلەمان پێشنیار کراون ، تەنها (١٠) دە یاسا لەو پێشنازە یاسایان بوون کە

---

١ د . یزن خلوق محمد ،هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣٣٨.

٢ فایز محمد ابو شمالة ،دور النظام الداخلي في العمل البرلماني ،دار الخليج،عمان،ط٢،ص ١٤٦.

لەلایەن ئەنـدامانی پەرلەمـانەوە پێشـنیار کـراون (١). یـان ئەگەر سـەیری پەرلەمـانی تـونس بکەیـن کە بە یەکێـك لە پەرلەمـانە عەرەبـی زینـدووەکان دادەنرێـت لە وڵاتـانی عەرەبـی ، دەبینـین لە خولی دووەمیدا کە لە ساڵی ٢٠١٩ەوە دەستی پێکـردوە، لە میـانەی (٢) دوو ساڵی کارکردنی (٤٢) چل و دوو یاسای پەسند کـردوە ، لە کـۆی چـل و دوو یاسـا تەنهـا (١) دانە یاسـا پێشـنیاری ئەنـدامانی پەرلەمـان بـوە ئەوەی دەمێنێـتەوە کە (٤١) یاسـایە سـەرجەمیان لەلایەن حکـومەتەوە پێشـنیار کـراون [٢]. رەنـگە هۆکـاری لاوازی ئەنـدامانی پەرلەمـان لەوەی بتـوانن پێشـنیازە یاسـاکانیان ببێـتە یاسا و لەلایەن پەرلەمانەوە پەسـند بکرێـت بگەرێـتەوە بـۆ چەنـد هۆکارێك لەوانە:

أ- جــۆری سیســتەمی سیاســی وڵات رۆڵــی گەورە دەبینێــت لەوەی ئەنـدامانی پەرلەمـان بتـوانن پێشـنیازە یاسـاکانیان بگەیەنـنە قۆنـاغی پەسـندکردن و ببێـتە یاسـا بـۆ نمـونە لە سیسـتەمە پەرلەمانیەکـان هەمیشـە حکـومەت بەرهەمـی زۆرینەیەکـی پەرلەمـانیە، بـۆیە تێپەرانـدنی هەر یاسـایەك بەبـێ رەزامەنـدی ئەو زۆریـنەیە ئەسـتەمە، بێگومـان ئەو زۆینەیە پاڵپشت و پشتیوانی بەرنامەی حکـومەت دەکـات و

١ رشيد مدور،اشكالية تعثر مسطرة المبادرة التشريعية لاعضاء البرلمان ،مجلة المغربية للقانون والسياسة واللاقتصاد،عدد(٤)،الفصل الثاني، سنة ٢٠٠٩،ص ٣٨.

٢ منظمة البوصلة ، تقرير عن تقييم لاشغال مجلس نواب الشعب ،٢٠٢٠ ، ص ٥١.

دواجــار ئەو یاســایانە پەســند دەکــات کە لە چوارچێــوەی سیاسەتی گشتی حکومەتەوە پێشنیار دەکرێن .

ب- درك پێکردنی بۆشایی یاسایی بـۆ ئەو بابەتـانەی پێویسـتیان هەیە بە رێکخستن لە چوارچێوەی یاسـادا، ئەوەش بە هـۆی بەریەککەوتنـــی رۆژانەو بەرفراوانـــی حکـــومەت لەگەڵ هاوڵاتیـــان لە رێـــگەی کارمەنـــدان و دامەزراوە زۆرو بەربڵاوەکـانی لەسەرانســەی جوگرافیــای وڵات، لەکاتێکـدا ئەندامانی پەرلەمان لەروی ژمارەو دامەزرەوەشە بەو شـێوە بەربڵاوە بەریەککەوتنیان نیە لەگەڵ هاوڵاتیان، بۆیە ئاساییە کە کەمتر لە حکومەت درك بەو بۆشاییە یاساییانە بـکەن بە بەراورد بە حکومەت.

ت- توانـای مرۆیـی و پسـپۆری حکـومەت لە رووی ژمـارەی ئەو کەسانەی پسپۆرن لە یاسادانان و ژمـارەی ئەو دامەزراوانەی هاوکاری دەکەن لە دارشـتنی پـرۆژە یاسـاکان، زۆر زیـاترە لە توانای مرۆیـی و پسـپۆریەتی ئەنـدامانی پەرلەمـان لەبـواری یاسادانان، هەربۆیە ئەوە بڕوایەکی لای ئەندامانی پەرلەمـان بە گشــتی دروســتکردوە کە لە پێنــاوی پارێزگــاریکردن لە چــۆنیەتی (کــواڵیتی) یاســاکان ، زیــاتر پشــت بە پــرۆژە یاساکانی حکـومەت ببەسـترێت ،تەنـانەت لە هەنـدێك وڵات یاسادانەر پەرلەمـانی پابەنـد کـردوە کە پێشـنیازە یاسـاکانی

ئەنـدامانی پەرلەمـان ڕەوانە بکـات بـۆ حکـومەت تـا دوبـارە دارشتنەوەی یاساییان بۆ بکات (١).

٣- ئامارەکـــان لە هەرێمـــی کوردســـتان ســـەبارەت بە ڕۆڵـــی دەستپێشخەری یاسادانان کە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە پیاد دەکرێن جیاوازە لەوەی کە لە وڵاتان دەگوزەرێت ، ئەگەر بە نمونە دوا راپۆرتی پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە ئامـاری پرۆسـەی یاســادانان لە مــاوەی ســاڵەکانی (٢٠١٩ – ٢٠٢٠) وەربگــرین، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە لە ماوەی نێوان مانگی ئـازاری ساڵی ٢٠١٩ تـــاوەکو مـــانگی ئـــابی ســـاڵی ٢٠٢٠، (٧٨) حەفتـــاو هەشـــت دەستپێشخەری یاسادانان پێشنیارکراون بـۆ پەرلەمـان، لەوانەش (٧٤) حەفتـاو چواریـان لەلایەن ئەنـدامانی پەرلەمـانەوە بـووە ، تەنها (٤) چواریان لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بوە، کـۆی ئەو دەستپێشـخەریانەی یاســادانان کە بــونەتە یاســا (١٤) چــواردە دانەبـوە، بەجۆرێـك (١٠) دەیـان لە بەرەنجـامی دەستپێشـخەری یاسـادانانی ئەنـدامانی پەرلەمـانەوە بـوە، هەروەهـا (٤)چواریـان بەرەنجـامی دەستپێشـخەری یاسـادانانی ئەنجـومەنی وەزبـراەوە بــوە، ئەڵــبەتە ئەگەر لە ڕوانــگەی ڕێــژەی هەلــی بــونە یاســای

١ دەستوری ئوردنی ساڵی ١٩٥٢ی هەمـوارکراو لەمـاددەی (٩٥)بـرگەی (٢)یـدا هـاتوە (یجـوز لعشرة او اكثر من اعضاء اي من مجلسي الاعيان والنواب ان يقترحوا القـوانين ويحـال كل اقتراح على اللجنـة المختصـة فـي المجلـس لإبـداء الـرأي فـاذا رأى المجلـس قبـول الاقتراح احاله على الحكومة لوضعه في صيغة مشـروع قـانون وتقديمـه للمجلـس فـي الدورة نفسها او في الدورة التي تليها).

دەستپێشخەری یاسانانی ئەندامانی پەرلەمانەوە سەیری بکەین بۆمان دەردەکەوێت کە لە کۆی (٧٤) حەفتاو چواریان، تەنها (١٠) دەیان بۆتە یاسا، واتە بە نزیکەی رێژەی (١٢,٥%) لە سەدا دوازدەو نیو، لەبەرامبەردا هەرچوار دەستپێشخەریەکەی ئەنجومەنی وەزیران بۆتە یاسا، واتارێژەی(١٠٠%) لەسەدا سەدی دەستپێشخەریەکانی بونەتە یاسا ، دەبینین بارودۆخی دەستپێشخەری یاسادانان لە هەرێمی کوردستانیش نزیکە لەبارودۆخی ئەو وڵاتانەی کە لە خاڵی پێشودا ئاماژەمان پێکردن بەلەبەرچاو گرتنی ئەوەی ریژەکە تۆزێك لە هی ئەوان باشترە، بەڵام ئەگەر لە روانگەی رێژەی ئەو یاسایانە کە لە بەرەنجامی دەستپێشخەری یاسادانانی ئەندامانی پەرلەمانەوە هاتۆتە بوون، بە بەراورد لەگەڵ کۆی یاسا دەرچوێنراوەکان، ئەوا دەبینین لە کۆی (١٤) یاسا و بڕیار،(١٠) دە یاسایان بەرەنجامی دەستپێشخەری یاسادانانی ئەندامانی پەرلەمان بوە، تەنها (٤) چوار یاسا بەرەنجامی دەستپێشخەری یاسادانانی ئەنجومەنی وەزیران بوە ، ئەمەش بە نزیکەیی دەکاتە رێژەی (٣\٢) دوو لەسەر سێ [١]، ئەم رێژەیە زۆر زیاترو بەرچاوترە به بەراورد لە گەڵ کۆی رێژەی بونە یاسای دەستپێشخەری یاسادانانی

١ بڕوانە وێبسایتی پەرلەمانی کوردستان، https://www.parliament.krd/news/posts/2021/february/pe/shniyza-u-b-w-1-2-la-sali-yakam

ئێندامانی پەرلەمان لەو وڵاتانەی کە لە خاڵی پێشودا ئاماژەمان پێداون ، ئەمەش خاڵێکی گەشە بۆ پەرلەمانی کوردستان ، سەرەڕای پارێزگاریکردن لێی، پێویستی بە باشتر کردن و گەشەپێدان هەیە، بۆ ئەم مەبەستەو لە پێناوی باشترکردنی دەستپێشخەریەکانی یاسادانانی ئەندامانی پەرلەمان لەروی چەندییەتی و چۆنیەتیەوە ،پێشنیاری گرتنەبەری چەند هەنگاوێکی کردەنی دەکەین بۆ پەرلەمانی کوردستان بەمشێوەیە:

أ- پەرلەمانی کوردستان بەشێکی تایبەتمەند بکاتەوە لە نێو سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمانی کوردستان کە کۆمەڵێك کەسی پسپۆر لە بواری دارشتنی یاسایی کاری تێدا بکەن تاوەکو هاوکاری ئەندامان بکەن لەروی دارشتنی یاساییەوە، هەروەك ئەوەی زۆرێك لە ناوەندەکانی توێژینەوەی پەرلەمانی پەیرەوی دەکەن بە نمونە، فەرمانگەی توێژینەوەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، کە بە شێکی تایبەتی هەیە بەناوی بەشی توێژینەوەی یاسایی و یاسادانان (١).

١ ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق، زنجیرە نامیلکەی رێبەری پەرلەمانتار ، نامیلکەی (فەرمانگەی توێژینەوە) ،لە خاڵی یەکەمی ئەرکەکانیدا هاتوە( ١- ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی تایبەت بە داڕشتنی رەشنوسی یاساکان، چ بۆ پرۆژە حکومیەکان یاخود پێشنیارە یاساکانی پەرلەمان و رێککردنی لەروی یاسایی و زمانەوانیەوە)،ل٥.

ب- لەرێگەی پەیڕەو کردنی نوسینگەی پەرلەمانتـار کە سـتافێك فەمـانبەری گرێبەسـت لەخـۆی بگرێـت ،لەبـری نوسـینگەی پەرلەمان کە ئێستا لەهەندێك شارو شارۆچکە هەن دەرفەتی تێکەڵبـونی زیـاتری ئەنـدامان دةرەخسێنێت لە روانگەیەکـی دامەزراوەییەوە ، ئەمەش وا دەکات پەرلەمانتار باشتر دەرك بەو کەڵـێن و بۆشـاییە راسـتەقینة یاسـاییانە بکـات کە لە کۆمەڵگەدا هەیە، سەرەنجام پێشنیازە یاساکان لە پێویستی راسـتەقینەی کـۆمەڵگەوە سـەرچاوە دەگـرن و دور دەبـن لە بیرۆکەی کەسی و نا واقیعی.

ت- پیادەکردنی هەڵبژاردنی نیەوەیی بۆ پەرلەمان وەك ئەوەی لە ئەمریکا پەیڕەو دەکرێت، یان هەر میکـایزمێکی لەو چەشـنە کە دەستەبەری مانەوەی بەشێك لە ئەندامانی پێشـوو بکـات و ، رێگـر بێـت لەوەی پەرلەمـان خـاڵی بێـت لە ئەنـدامانی بە ئەزمـون ، ئەمەش وا دەکـات کە پەرلەمـان بە هەمیشـەیی کۆمەڵێـك ئەنـدامی بە توانـا و شـارەزای تێـدا بمێنێـتەوەو دواجـار کـاریگەری ئەرێنیـان دەبێـت لەسـەر کـواڵیتی ئەو پێشنیازە یاسایانەی لەلایەن ئەندامانەوە پێشکەش دەکرێن.

٤- پێـــدانی تایبەتمەنـــدی پێشـــنیارکردنی پـــرۆژە یاســـا بە ئەنجومەنی پارێزگاکان کە لە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩، ماددەی شەشەم بڕگەی(٩)دا هـاتوە، یەکێـك لەو کـارانەی کە بە ئیجـابی بـۆ یاسـادانەری هەرێمـی کوردسـتان هەژمـار

دەکرێت ، بەڵام دەبوایە پێشنیارکردنەکەیان راستەوخۆ بۆ پەرلەمان بوایە هەروەك ئەو ئەزمونەی لە وڵاتی ئیسپانیا هەیە، نەك لە رێگەی ئەنجومەنی وەزیرانەوە بێت، چونکە ئەوانیش ئەنجومەنێکی هەڵبژێردراون و تەنانەت لەروی چاودێریکردنیشەوە لەژێر سەرپەرشتی پەرلەمانی کوردستاندان هەر ئەوەش لەگەڵ سروشتی کار و پێکهاتەی ئەنجومەنەکان و واقیعی هەرێمی کوردستانیش دەگونجێت.

٥- بەپێی مادده (١١٠)ی پەیڕەوی ناوخۆ فراکسیۆنی پەرلەمانی بریتیە لە هەر لیست و قەوارەیەك کەبەشداری هەڵبژاردنەکانی کردبێت و توانیبێتی کورسی بەدەست بێنێت ، ئەمەش وا دەکات کە لە پەرلەمانی کوردستان هەلی دروست بونی فراسیۆنی ئۆپۆزسیۆنی دەرەخسێنێت بۆ ئەو فراکسیۆنانەی تەنها یەك کورسی پەرلەمانیان هەیە (١)، بۆ ئەنجامدانی دەستپێشخەری یاسادانان لە لایەن پەرلەمانەوە ، پەیڕەوی ناوخۆ واژوی (١٠) ئەندامی بە مەرج گرتوە

١ پەیڕەوی ناوخۆی هەموارکراوی بەرکار لە پەرلەمان ن لە ماددەی(١١٠)یدا هاتوە :( هەرپارت وقەوارەیەکی سیاسی، بەشداری لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بکات، خاوەنی لیست و بەرنامەی هەڵبژاردن بێت و کورسی بەدەست هێنابێت دەبێتە فراکسیۆن).

تاوەکو بتوانن ئەو تایبەتمەندیە پیـادە بـکەن (١)، ئەمەش وا دەکات هەندێك لە فراكسیۆنەكان كە ژمارەی كورسیـەكانیان لە (١٠) كورسی كەمترە نەتوانن بە شـێوەیەكی دەسـتكراوەو كـارا بەشـداری پرۆسـەی یاسـاكاری بـكەن ، بـۆیە پێشـنیار دەكەین تایبەتمەنـدی پێشـنیاركردنی پێشـنیازە یاسـا بە جیـا بـدرێت بە فراكسـیۆنە پەرلەمـانیە ئۆپزسـیۆنەكان بەدەر لە ژمارەی یاسـایی واژوی ئەنـدااامان كە پێویسـتە بـۆ پێشـنیار كردنی هەر پێشنیازە یاسا و بڕیارێك.

لەكۆتاییـــدا هیـــوادارین لە رێـــگەی نوســـینی ئەم نـــامیلكەیەوە كەڵێنێكـی پەرتكخـانەی یاسـاییمان پـر كـردبێتەوەو لە رێـگەی شـــیكردنەوەكانمان بـــۆ بـــابەتی دەستپێشـــخەری یاســـادانان و چـۆنیەتی رێكخسـتنی لەروی یاسـاییەوە سـودێك بگەیەنـین بە خوێنەری بەرێز

١ پەیـڕەوی نـاوخۆی هەمـواركراوی بەركـار لە پەرلەمـان ن لە مـاددەی(١)یـدا هـاتوە :( پێشـنیازی یاسـاو بڕیـار ئەو پێشـنیازی یاسـا و بڕیـارانەن كە لانـیكەم لەلایەن (١٠) دە ئەندامی پەرلەمان ، پێشكەش دەكرێن).

# سەرچاوەکان

## پەرتوک

- موريس دوفرجية، المؤسسات السياسية والقانون الدستورى ، ترجمة: د.جورج سعيد، الشبكة العربية للابحاث والنشر،ط٢ سنة ٢٠١٤.
- د. يزن خلوق محمد ساجد،السلطة التشريعية وصن السياسة العامة في النظام البرلماني،دار الاكاديميون للنشر والتوزيع ،عمان،ط١ ، لسنة ٢٠١٩.
- د.عبدالقادر محمد القيسي ، الاحكام الدستورية المنظمة لاقتراح القوانين،مصر، القاهرة،المركز القومي للاصدارات القانونية،ط١، ٢٠١٦.
- القاضي شوان محي الدين (رئيس مجلس شورى الاقليم )، د.هادي مسلم يونس (المستشار الاقدم في مجلس شورى الاقليم) ،د.مازن ليلو راضي(مستشار منتدب سابقا في مجلس شورى الاقليم)، دليل الصياغة التشريعية في اقليم كردستان ، مطبعة حاجي هاشم ،ط١، ٢٠١٦
- د. مهدى صالح عيدان ، التشريع وطغيان السلطة ، منشئة المعراف ، الاسكندرية ، مصر ،ط١
- فايز محمد ابو شمالة ،دور النظام الداخلي في العمل البرلماني ،دار الخليج،عممان،ط٢
- ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق، زنجیرە نامیلکەی رێبەری پەرلەمانتار ، نامیلکەی (فەرمانگەی توێژینەوە)

## توێژینەوەکان

- د . محمد عباس محسن، اقتراح القوانين بين المبادرة التشريعية البلالمانية والمبادرة الحكومية ، مجلة الاكاديمية للدراسات الاجتماعية والانسانية ،عدد ١١،سنة ٢٠١٤
- د. سيفان بأكراد ميسروب، فعالية المعارضة البرلمانية وتأثيرها على اداء السلطة التشريعية، مجلة جامعة تكريت للحقوق السنة (٤ ) ،المجلد (٤ )،العدد (٢ )الجزء (١) ، ٢٠١

- رشيد مدور،اشكالية تعثر مسطرة المبادرة التشريعية لاعضاء البرلمان ،مجلة المغربية للقانون والسياسة واللاقتصاد،عدد(٤)،الفصل الثاني، سنة ٢٠٠٩.
- منظمة البوصلة ، تقرير عن تقييم لاشغال مجلس نواب الشعب ،٢٠٢٠
- رحماني لبنة خير ، المبادرة بالقوانين بين البرلمان والحكومة في الجزائر وفقا للتعديل الدستوري ٢٠١٦، مذكرة لنيل شهادة الماستر ، سنة ٢٠١٧

## دەستور و یاساکان

- دەستوری فەرەنسی ساڵی ١٧٩٩
- دەستوری فەرەنسی ساڵی ١٩٥٨
- دەستوری تورکیا ساڵی ١٩٨٢ ی هەموارکراو
- دەستوری ئوردنی ساڵی ١٩٤٧
- دەستوری میرنشینە یەکگرتوەکانی عەرەبی ساڵی ١٩٧١
- دەستوری هەمیشەیی عیراق ساڵی ٢٠٠٥
- دەستوری ئیسپانی ساڵی ١٩٧٨ ی هەموارکراو
- دەستوری مەغریبی ساڵی ٢٠١١
- دەستوری مصری ساڵی ٢٠١٤ی هەموارکراو
- دەستوری ئوردنی ساڵی ١٩٥٢ ی هەموارکراو
- دەستوری لوبنانی ساڵی ١٩٢٦ ی هەموارکراو
- دەستوری کاتی عیراق ساڵی ١٩٧٠
- یاسای (The Initiative and Referendum Act) ژمارە (٦٧٣٥) ی ساڵی ١٩٨٩ (فلیبین)
- یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو.
- یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی ژمارە(٣)ی ساڵی ١٩٩٢ ی هەموارکراو.
- یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣) ی ساڵی ٢٠٠٩ی هەموارکراو
- یاسای دەستەی دەستپاکی ژمارە(٣) ساڵی ٢٠١١ ی هەموارکراو.

- یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنی ژمارە(٤)ی ساڵی ٢٠١٤.
- یاسای ئەنجومەنی نوێنەران و پێکهاتەکەی ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠١٨
- یاسای ئەنجومەنی  شورای هەرێمی کوردستان ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٠٨
- یاسای سەندیکای پزیشکانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٦) ساڵی ٢٠٠٠
- پەیڕەوی ناوخۆی پێشوی پەرلەمانی کوردستان کە لەساڵی ١٩٩٢ دەرچووە
- پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ٢٠١٨ هەموارکراو
- پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق
- بڕیارە یاسای پەراەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٠
- بڕیاری ژمارە (١٤٠) ی ساڵی ٢٠١٨ دادگای ئیتیحادی
- بڕیاری ژمارە (٥٤)ی ساڵی ٢٠١٧ ی ئەنجومەی نوێنەران
- بڕیاری پەرلەمانی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٩

# تنظيم المبادرة التشريعية في
# اقليم كردستان

# Organizing legislative initiative
# In
# Kurdistan region